# شێوازی هەڕەشە و توندوتیژی لە زمانی کوردیدا

**نەوزاد ئەنوەر عمر[1] - بەهار خدر ابراهیم[2]**

[1]بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـــانی (شـــێوازی هەڕەشـــە و توندوتیژی لە زمانی کوردیدا)، لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە، هەوڵێکە بۆ ئاشـــنابون بەشـــێوازی هەڕەشـــە و توندوتیژی لە زمانی کوردیدا. ئەم توێژینەوەیە، کە لەڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە دەڕوانێتە ناونیشـــانی بابەتەکە، لە ئێســـتادا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، چونکە ڕۆڵێکی گرنگ لە کردەی پەیوەندیکردن لەناو کۆمەڵگـای کوردیـدا دەبینێـت. بۆیە توێژینەوەکە دەیەوێـت هەمو ئەو شـــێوازانەی هەڕەشـــە و تونـدوتیژی، کە لەزمـانی کوردیـدا هەیە، ڕونی بکاتەوە، بۆئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا ئاشـــنایەتییان لەگەڵ ئەم بابەتە هەبێت و بەشـــێوەیەکی ڕاســـت و دروســـت مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. هەروەها دەیەوێت وەڵامی پرســـیارێک بداتەوە، وەک هەڕەشـــە و توندوتیژی تا چەند کاریگەری لەسەر پەیوەندیکردن هەیە و دەبێت زۆر بەئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێـت، چونکە هەر هەڵەیەک لەم شـــێوازەدا کارەســـاتی لێدەکەوێتەوە. ســـنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زانســـتی زمـانی کۆمەڵایەتی زاری کرمـانجی نـاوەڕاســـت بەکـارهێنراوە، بەجۆرێک بەشـێوەیەکی سـەرەکی پشت بەڕێبازی (شـیکاری-وەسفی Descriptiveanalysis) بەستراوە.

**کلیلە وشـــەکـان:** هەڕەشـــەکردن، تونـدوتیژی، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، کەلتور.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19
**Received:** 22-November -2021
**Accepted:** 13-February-2022
**Published:** 29-September-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
nawzad.anwer@koyauniversity.org
bahar.khdir1987@gmail.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## ٠) پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ئەو زمانەی، کە لەکاتی هەڕەشە و توندوتیژیدا بەکاردەهێنرێت. لەچوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە بابەتەکەمان شەنوکەوکردوە. هەڕەشە و توندوتیژی یەکێکە لەو شێوازانەی تاک ڕۆژانە چەند جارێک بەکاریدەهێنێت، یان بەرانبەری بەکاردێت. بۆیە لەسەر هەمو تاکێک ئەرکە، کە بەشێوەی دروست و زۆر بەئاگاییەوە لەگەڵ ئەم شێوازەدا مامەڵە بکات.

**٠-١) ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناوی (شێوازی هەڕەشە و توندوتیژی لە زمانی کوردیدا)یە، بەشێوەی سەرەکی خۆی لە بازنەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics) دەبینێتەوە، کە زمانەوانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە کردەی پەیوەندیکردن لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا دەگێڕێت.

**٠-٢) ئامانجی توێژینەوەکە**: ڕونکردنەوەی ئەم بابەتەیە بەشێوەیەکی زانستیانە و خستنەڕوی فۆڕمە باوەکانی هەڕەشەکردن و هەوڵدان بۆ چۆنیەتی دورکەوتنەوە لە فۆڕمە تابۆکان و دەربڕینی زمانی توند، هەروەها پەیوەستیی ئەم بابەتە بە ڕەگەز و کەلتور و تەمەن و ئاین و ئاستەکانی زمانە.

**٠-٣) گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە ئەمە دەبێت بە هەنگاوێک بۆ ئاشنابون بەشێوازی هەڕەشە و توندوتیژی لە زمانی کوردیدا، هەروەها بۆئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم بابەتە هەبێت و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

**٠-٤) گریمانە و پرسیاری توێژینەوەکە:** گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە شێوازی هەڕەشە و توندوتیژی وەک لایەنێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی کاریگەری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا هەبێت و تاچەند شێوازی هەڕەشە و توندوتیژی ڕۆڵی لە ئاستەکانی زماندا هەیە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە:

١- ئایا دیاردەی هەڕەشە و توندوتیژی بۆماوەییە، یان ژینگەییە؟

٢- دیاردەی هەڕەشە و توندوتیژی پەیوەستە بەکام ڕەگەزی مرۆڤەوە؟

٣- ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی دیاردەی هەڕەشە و توندوتیژی لەزمانی کوردیدا؟

٤- ئایا دیاردەی هەڕەشە و توندوتیژی پەیوەندی بە هەمو ئاستەکانی زمانەوە هەیە؟

**٠-٥) ناوەڕۆک و ڕێبازی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە، لە دو بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە: چەمک و پێناسەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی زمان و کۆمەڵ، ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان، زمان و ڕەگەز، زمان و تەمەن، زمان و ئاین، زمان و کەلتور، زمان و کەسێتی، یاسا کۆمەڵایەتییەکان. بەشی دوەم ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە: زمان و شێواز، ئەرکی زمانەوانی لەشێوازدا، جۆرەکانی شێواز، چەمک و پێناسەی هەڕەشە، جۆرەکانی هەڕەشە، هۆکارەکانی پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هەڕەشە، توندوتیژی، جۆرەکانی توندوتیژی، هۆکارەکانی توندوتیژی، ڕەگەز و تەمەن و پەیوەندی بە هەڕەشە و توندوتیژییەوە، بەکارهێنانی هەڕەشە و توندوتیژی بەپێی ئاستەکانی زمان. لەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەڕێبازی (شیکاری- وەسفی Descriptiveanalysis) لەبواری زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا دەبەستریێت، هەروەها کەرەستەی خاوی توێژینەوەکە، کە زمانی کوردی زاری ناوەڕاسته و نمونەکانیش، کە لەزمانی قسەپێکەرانی ئەم زارە وەرگیراون بەیەکەوە دەخرێنەڕو شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

# بەشی یەکەم: زمان و کۆمەڵ

## ١-١) چەمک و پێناسەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی

گومان لەوەدا نییە، کە هەریەکە لە زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی بەهێزی کارتێکردن و کاریگەربون لە نێوانیاندا هەیە، تاوەکو کۆمەڵگا زیاتر پێشبکەوێت و گەشەبکات، ئەوە زمانەکەش زیاتر برەودەستێنێت. هەریەکە لە چەمکی زمان و کۆمەڵ لەپێناو یەکتری سەریانهەڵداوە و نەبونی هەریەکێک لەم چەمکانە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بێ بەهاکردنی چەمکەکەی تر دەبێت. هەر لەبەر ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان زمان و کۆمەڵ، قوتابخانەی کۆمەڵناسیی فەرەنسی، کە دانەرەکەی **(دورکایم)**ە، هەستان بە هاریکاریکردنی ئەو لقەی زمانەوانی، زمانەوانان و کۆمەڵناسان بەردەوام توێژینەوەی هاوبەش ئەنجامدەدەن و پێشکەش بە جیهانی دەکەن. (مطر: ١٩٨٥: ١١٦). ئەگەر لێکۆڵینەوە لەلایەن زمانەوانێکەوە بکرێت، ئەوا چەمکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بەکاردێنێت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی زمان بە کۆمەڵگاوە، خۆ ئەگەر لێکۆڵینەوەکە لەلایەن کۆمەڵناسێکەوە ئەنجامبدرێت، ئەوا چەمکی کۆمەڵناسی زمان بەکاردێنێت. (بشیر: بێ بەروار: ٤٢)، ئەمەش لەڕوی زانستییەوە شتێکی ڕێگاپێدراوە، چونکە لەناو زۆربەی بوارە زانستییەکاندا ئەم لێکچون و هاوبەشییە هەیە، چەمکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی، جێی باسی ئێمەیە و بەرلەوەی بچینە ناو قوڵایی باسەکەوە، سەرنجدەدەینە دید و بۆچونی هەندێ لە زانایانی زمان و پێناسەکەی دەخەینەڕو:

**زمانەوانیی کۆمەڵایەتی:** لە پەیوەندیی نێوان زمان و هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی زمان دەکۆڵێتەوە و دەستنیشانی شێوازەکانی پەیوەندی لە سیاقێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا دەکات. (Pan: 2007: 2).

هەریەکە لە **هدسن** و **ترەدجیل** و **کریستاڵ** و **ئایچسن** و **هۆریتی** باوەڕیان وایە، کە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ دەدوێت. (ناوخۆش، خۆشناو: ٢٠٠٩: ١٨). هەروەها **(هایمز)** دەڵێت (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، کە لە زمان دەکۆڵێتەوە تەنها وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیریدەکات و لێیدەکۆڵێتەوە). (عەلی، حەمەئەمین: ٢٠٠٧: ٣٢). لە ڕاستیدا بە سەرنجدان لە هەریەکێک لەو پێناسانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە، کە زمان و کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کەواتە هەم زمان کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەیە و هەم کۆمەڵیش کاریگەری لەسەر زمان هەیە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

### ٢-١) پەیوەندیی زمان و کۆمەڵ

زمان و کۆمەڵ هەریەکێکیان پێویستی بەوەی تریان هەیە، تاوەکو ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت. زمان ئامرازێکە بۆ پیشاندانی ئاستی کۆمەڵایەتیی ئەو خەڵکەی، کە قسەیپێدەکات. واتە زمان ئەو ئامرازەیە بۆ گوزارشتکردن لەوەی، کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات، بە وردی و ڕونی، وێنەی هەمو ڕوە جیاوازەکانمان، کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدەن، لایەنی شارستانی و پێڕەو و باوەڕ و ئاراستەی هزری و کەلتوری و زانستی و هونەری و ئابوری و...هتد، بۆ تۆماردەکات، وەکو **(فندریس)** ئاماژەی بۆ دەکات زمان ئاکامی بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتییە، دوایی دەبێتە بەهێزترین هۆکاری پێکەوەبەستنی تاکەکانی کۆمەڵ. (حەمەڕەشید: ٢٠١٢: ٣٦)، واتە زمان ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵایەتییە و هۆکارێکی گرنگی دروستکردنی پەیوەندیی نێوان تاکەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا وەک یاسایەکی کارپێکراو ڕەنگە کۆمەڵگایەکی مرۆیی نەبێت، کە تیایدا لایەنەکانی کۆمەڵگا هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر زمان نەبێت. ئەو پەیوەندی و بەیەکەوە گرێدراوییەی لە نێوان زمان و کۆمەڵگادا هەیە، لێکۆڵەرانی توشی سەرسوڕمان کردوە. لە ڕاستیدا ئەگەر سەیری مێژوی زمانەوانی بکەین زۆر دەگمەنە ببینین، کە لێکۆڵینەوە لەهەر زمانێک دابڕاو بێت لە مێژوی زمانەکە، یان لە پەیوەندیی زمانەکە بە جیهانە ڕاستییەکە و بەکارهێنەرانیەوە. (Wardhaugh: 2006: 9). لەبەرئەو پەیوەندییە زۆرەی نێوان زمان و کۆمەڵ هەر گۆڕانێک لە کۆمەڵدا ڕوبدات، ئەوا زمانەکە نیشانیدەدات و تێیدا ڕەنگدەداتەوە. کەواتە زمان بەردی بناغەی کۆمەڵە و لەناو کۆمەڵدا لە کاردایە، هەروەها گەر کۆمەڵیش نەبێت ئەوا زمان هیچ ڕۆڵێکی نامێنێت.

دەکرێت چەند جۆرێکی پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگا دیاریبکرێت، لەم ڕووەوە (Wardhaugh Ronald) چوار جۆری دیاریکردوە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم:** پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کاربکاتە سەر پێکهاتە و هەڵسوکەوتی زمانەوانی، یان دەستنیشانیبکات.

**دوەم:** تەواو پێچەوانەی یەکەمیانە پێکهاتە و هەڵسوکەوتی زمانەوانی، لەوانەیە کاریگەریی هەبێت لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی، یان دەستنیشانیبکات.

**سێیەم:** دو جەمسەرییە، واتە دەکرێت زمان و کۆمەڵگا کاربکەنە سەر یەکتری، واتە زمان و کۆمەڵ لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان.

**چوارەم:** هیچ جۆرە پەیوەندییەک بونی نییە و هەریەکەیان سەربەخۆن و دابڕاون لە ئەوی تر. (سەرچاوەی پێشو: 2006: 10 -11). کەواتە زۆربەی زۆری بۆچونەکان لەگەڵ ئەوەدان، کە پەیوەندی لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە.

### ٣-١) ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان:

ئەرکی ئەم زانستە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی پەیوەندی و بەیەکداچونی زمان و کۆمەڵ و ئاوێتەبونیان، کە دەوترێت زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و گرنگترین ئەرکی مرۆڤایەتی بەئەنجام دەگەیەنێت، واتە زمان لە بەجێگەیاندنی هەمو کارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارە، ئەمەش کاتێک بەرجەستەدەبێت، کە زمان کارادەبێت لە بەجێگەیاندنی گشت کارەکانیدا. **(مالینۆ ویسکی)** پێیوابو ناکرێت بەبێ زانینی ئەو ئەرکەی، کە زمان لە کۆمەڵدا پێیهەڵدەستێت، لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵ بکرێت. **(مالینۆ ویسکی)** دوای لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵ گەیشتە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

ئەو ئەنجامەی، کە ئەرکی زمان تەنیا بریتی نییە لە هۆکارێک بۆ لێکتێگەیشتن و گەیاندن، بەڵکو ئەرکی زمان بازنەیەکە لە زنجیرە چالاکییە ڕێکخراوەکانی مرۆڤ. (حەمەڕەشید: ٢٠١٢: ٣٩). کەواتە زمان بنەمایەکی گرنگە بۆ کۆمەڵ لە هەمو کات و شوێنێکدا گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان یەکێکە لەو ئەرکانەی، کە زۆر بڵاوە و لە هەمو زمانێکی سروشتیدا هەست بەبونی دەکرێت، زیاتر لەو گوتنانەدا دەردەکەوێت، کە ڕۆژانە بەکاردێت و بەسەر زاری هەمو کەسێکەوەیە، بۆ مەبەستی خۆبردنە پێشەوە و بار و شوێن خۆشکردن، خۆ چەسپاندن لەناو کۆمەڵگادا، وەک ئەو گوتنانەی بۆ سڵاوکردن و چاکوچۆنی و خواحافیزی و مامەڵەکردن و...هتد، بەکاردەهێنرێن. (فەتاح: ٢٠١١: ٣٧).

## ٤-١) زمان و ڕەگەز

مەبەست لە ڕەگەزی کەسەکەیە، ئایا کەسەکە نێرە یاخود مێیە. ڕەگەز بە یەکێک لە هۆکارە هەرە چالاکەکان دادەنرێت، بۆ سەرهەڵدانی جیاوازیی زمانی قسەکردن و پێکهێنانی زاری کۆمەڵایەتی. ڕەگەز هۆکارێکی گرنگە لە کارکردنە سەر ڕەفتاری زمانی و هەڵبژاردنی کەرەستە و دەربڕاوەکان و تەنانەت بیرکردنەوەی تاکەکانیش، بێگومان ئەمەش لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی لە زمانی قسەکردندا. (صدیق: ٢٠١٩: ١٢٥). کۆمەڵگاش بەسەر ئەم دو ڕەگەزەدا دابەشبوە. جیاوازیی قسەکردن لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا لە زۆربەی زمانەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵام دەکرێت ڕێژەکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاواز بێت. هەستکردن بەم جیاوازییە، بۆ یەکەم جار **"ئۆتو یەسپێرسن"** (Otto Jespersen) لە ساڵی (١٩٢٢)دا لە بەشێکی کتێبەکەیدا تیشکی خستوەتە سەر زمانی ژنان و تیایدا جیاوازییەکانی ئاخاوتنی ژنان و پیاوانی دەستنیشانکردوە. (سەرچاوەی پێشو: ١٢٦)، ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کە هەر دو ڕەگەزی نێر و مێ یەک زمانی هاوبەش بەکاردەهێنن، هەریەکەیان زمانێکی جیاوازیان نییە، تەنیا لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە لە یەکتری جیاوازن، لەبەرئەوەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە پەیوەندییەکی توندی بە کۆمەڵەوە هەیە. هەروەها (Waredhaugh) نوسیویەتی ئەگەر ژنان و پیاوان بە جیاواز قسەدەکەن لەبەرئەوەیە، کە زمانە هاوبەشەکەیان لایەنگیری بۆ ڕەگەز هەیە، لەبەرئەوەی کوڕ و کچ بە جیاوازی گەورەدەکرێن، یان بەشێکی دروستکرنی ڕەگەز پەیوەندی بە هەڵبژاردنە زمانەوانییەکانەوە هەیە. (Waredhaugh: 2006: 1). تەنانەت تاوەکو ئێستاش پیاوان زیاتر لە ژنان خاوەن کاری پایەبەرز و موڵک و ماڵ و داهاتن. هەروەها کاری سیاسیش زیاتر لە پیاواندا بەدیدەکرێت بە بەراورد بە ژنان، کە کەمتر بەشداری لە کاری سیاسیدا دەکەن، ئەمەش زیاتر بۆ بیروبۆچونی کۆمەڵگا بەرانبەر بەو کارە بۆ ژن دەگەڕێتەوە. هەروەها هەندێک وشە و دەربڕین لای پیاوان بەکاردێت، وەک: سەگ پەتی دەکەم، بە شەڕەفم، بە تەڵاقم، با قەپۆزت نەشکێنم...هتد، بەڵام ژنان ئەم وشە و دەربڕینانە بەکارناهێنن. ئەم جیاوازییانەش لە وشە و دەربڕینەکانیاندا دەبینرێن (بەهۆی مانەوە و خزاندنی ژنە لە سنوری ماڵدا، کەمیی چاوپێکەوتن و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی پیاودا، نەبونی هەلی چونەدەرەوە و تێکەڵبون، بە گرنگترین هۆکاری هاتنە کایەی شێوازی قسەکردنی ژن و پاراستن و مانەوەی ئەو شێوازەیە). (حوسێن: ٢٠١٠: ٢٣). ئەم جیاوازییەش تاوەکو ژن تێکەڵی پیاوان نەبن و خۆیان گۆشەگیر بگرن، بەردەوامدەبێت. جیاوازیی ڕەگەزی لە کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی تر، لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر دەشێ گۆڕانیان بەسەردابێت، کەواتە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی، ڕەگەزیش وەکو یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر زمان هەیە، قسەکردنی هەر دو ڕەگەز لە یەکتری جیاوازە، ئەم جیاوازییەش زیاتر لەکاتی گفتوگۆکردندایە و ئەمەش وادەکات، کە زۆر جار واهەستبکرێت، کە ئاخاوتنی هەریەکێکیان جیاوازە و زمانی جیاواز بەکاردەهێنێت.

## ١-٥) زمان و تەمەن:

هەروەک باسمانکرد، کە ڕەگەز کاریگەری لەسەر زمان هەیە، بە هەمان شێوەش تەمەن کاریگەری لەسەر زمان هەیە. مرۆڤ لەماوەی تەمەنیدا بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات، وەک (منداڵی، هەرزەکاری، لاوێتی، پێگەیشتو، پیری). زمان بەپێی هەریەک لەو قۆناغانە گۆڕانی بەسەردادێت و لە ئاستی خۆی ناوەستێت. لەگەڵ تێپەڕبونی تەمەن، زمانیش گۆڕانی بەسەردادێت، چونکە تەمەن یەکێکە لە کاتیگۆرییە جیهانییە بەکارهێنراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە هەمەچەشنیی زماندا. ئەم کاتیگۆرییەش هەمیشە بەشێوەیەکی ڕەخنەییانە لێکۆڵینەوەی تێداکراوە، وەک ڕاستییەکی بایلۆژی بۆ پۆلێنکردنی قسەکەران مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. (حاجی: ٢٠١٧: ٢١).

مرۆڤ لەکاتی قسەکردندا دەبێت بەپێی تەمەنی خۆی قسەبکات. هەر تاکێکی کۆمەڵ پەیڕەوی ئەو یاسایانە نەکات، کە لەگەڵ تەمەنەکەی خۆیدا دەگونجێت، ئەوا لەناو کۆمەڵگادا توشی گاڵتەپێکردن و پلار و توانجلێدان دەبێتەوە، چونکە (تەمەنی مرۆڤ وەک دامەزراوەیەکی ڕەهەندیانە وایە بۆ دیاریکرنی کەسییەتی مرۆڤ و ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییەکەی، هەر وەک چۆن توخم و نەژاد و زمان و قسەکردنی دەستوریانە ئەم ڕۆڵە دەبینن). (فەرەج: ٢٠١٣: ٢٨٦). کەواتە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی ئاخاوتنی منداڵ و هەرزەکار و پیرەکان لە یەکتری جیاوازن. هەر قۆناغێکی تەمەنی مرۆڤ (منداڵی، هەرزەکاری، لاویەتی، پێگەیشتو، پیری) فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەریەکەیان سیما و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لەلایەنی دەنگی و لێکسیکی و دەربڕین و زمانی جەستەوە، کە پێیان دەناسرێتەوە. (مەحمود: ٢٠١١: ٧٦).

## ١-٦) زمان و ئاین:

لە ڕێگای زمانەوە خەڵک بە ئاینەکەیان ئاشنا و کاریگەر دەبن. هەمو ئاینەکان چ ئەوانەی ئاسمانین، یان مرۆڤ دروستیکردون، کاریگەریی زۆریان لەسەر زمان هەیە، واتە ئاین ڕۆڵێکی کارا لە زماندا دەگێڕێت، ئەم ڕۆڵگێڕانەش لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر جیاوازە، ئەم جیاوازیەش بۆ ڕادەی پەیوەستبونی مرۆڤەکان بۆ ئاینەکەیان دەگەڕێتەوە. ئاین کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەفتار و گوفتاری مرۆڤ هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ئاین کاریگەریی بەسەر زمانی ئەو تاکانەشدا دەبێت، کە ئاینەکە وەردەگرن و لە ژیانیاندا کارییپێدەکەن. (عەلی: ٢٠١٧: ٢٧٥)، کەواتە دەتوانرێت بوترێت کاریگەریی ئاین لە دو لایەنەوەیە، یەکێکیان ئەوەیە کاریگەریی لەسەر زمان هەیە و ئەوەی تریشیان کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری کەسەکە دروستدەکات. زۆر جار زمانی ئاینی و زمانی نەتەوەیی کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە، لە هەندێک شوێن زمانی ئاینی کاریگەریی لەسەر زمانی نەتەوەیی هەیە و هۆکارێکە بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتن و بڵاوبونەوەی زمانی نەتەوەیی، وەک زمانی عەرەبی،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

کەواتە ئاین لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و کاریگەریی لەسەر هەمو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە و زمانیش کەوتوەتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە.

### ١-٧) زمان و کەلتور:

سروشتی پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتور پەیوەندییەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە. مرۆڤناسی بەریتانی **(تایلەر)**، پێیوایە کەلتور بریتییە لە (گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و هونەر و هزر و بیر و باوەڕ و دابونەریت و...هتد). (ئەحمد، حەمید: ٢٠١٩: ٣٧٠)، لە ڕاستیدا کەلتور شتێکی بۆماوەییە و زمان ئەو ئامرازەیە، کە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تری دەگوازێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی کەلتور دەکرێت بە دو بەشەوە. بەشێکیان ئەوەیە، کە مرۆڤ لە ئەنجامی ئەزمونی کەسیی خۆیەوە دەیزانێت. بەشەکەی تریش لە خەڵکی تر وەریدەگرێت و فێریدەبێت و بە بەشێکی گرنگ لە زمان دادەنرێت. کەواتە زمان و کەلتور لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان، هیچ زمانێک نابینیت، کە ڕەنگدانەوەی کەلتوری نەتەوەکەی لەسەر نەبێت و هیچ کەلتورێکیش نابینیت، کە کاریگەریی زمانی نەتەوەکەی لەسەر نەبێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بچینە ناو ناخی نەتەوەیەکەوە، زمان کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی کەلتور و بیرکردنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. (حەمەڕەشید: ٢٠١٢: ٤٣). زمان و کەلتور لەبەرئەوەی زۆر پەیوەستن بەیەکەوە، ناتوانرێت لە یەکتری جیابکرێنەوە. پەیوەندییەکەیان بە ڕادەیەک پتەوە، زۆرێک لە زمانەوانان پێیانوایە، کە زمان ڕەنگدانەوەی کەلتورە، چونکە (بنیادی زمان پەیوەندی بە هزر و دامەزراوە و کەلتوری بەرهەستی ئەو خەڵکەوە هەیە، کە قسەی پێدەکات). (شەمس: ٢٠١٣: ٤٦)، واتە زمان وەک ئاوێنەیەک وایە بۆ پیشاندانی کەلتوری ئەو کەسانەی، کە بەکاریدەهێنن.

### ١-٨) زمان و کەسێتیی:

زمان ئامرازی پەیوەندیکردنی نێوان مرۆڤەکانە و بەشێکی گرنگ لە کەسێتیی مرۆڤ پێکدەهێنێت، یەکێک لە ئەرکەکانی زمان ئەرکی ویژدانی و کەسێتییە، کە تاک لە ڕێگای زمانەکەیەوە هەست و سۆز و بیروباوەڕ و هەڵچون و ئارەزوی تێدا ڕەنگدەداتەوە، بە جۆرێک دەبێتە ناسنامەیەک بۆ تاک. (محمد: ٢٠١٩: ٢٩٤)، هەمو کەسێک خاوەن کەسێتیی تایبەت بەخۆیەتی، ئەم کەسێتییەش پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک لایەنی فیسۆلۆژی و دەرونی و ئاینی و فکری...هتد دەوەستێت. زانا **(ئەلبۆرت)** پێناسەی کەسێتیی کردوە و هەوڵیداوە (٥٥) پێناسە لەم پێناسەیەدا کۆبکاتەوە، ئەویش (بریتییە لەو ڕێکخستنە دەرونییەی، کە هەمو تایبەتمەندییەکانی کۆدەکاتەوە لە ئامادەباشی و توانا جەستەیی و هەڵچون و درککردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕەفتاری گونجاو لە باردۆخە جیاجیاکان، بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەمیانەی ڕەفتارە هاوشێوەکانی. دەتوانێت لە داهاتو پێشبینیی ڕەفتارەکان بکەیت. (عزیز: ٢٠١٤: ٢٣٩)، ئەم پێناسە و چەندین پێناسەی تریش ڕادەی ئاڵۆزی و گرنگیی کەسێتیی دەسەلمێنن. ئەوە ڕوندەبێتەوە، کەسێتیی بەپێی کۆمەڵێک بنەما و هۆکار دێتەکایەوە و بەپێی دەورووبەرو بارودۆخی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردادێت. منداڵ کە لەدایکدەبێت، هەموی یەک سروشتییان هەیە دواتر بە گوێرەی ئاین و پەروەردە و بارودۆخی خێزان و زمانی میللەت گۆڕانکارییان لە نێواندا دروستدەبێت، هەریەکەیان ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تایبەت بەخۆیان دەبێت، لە ڕوی دەرونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گۆڕانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

بەسەردادێت. سەبارەت بە کەسێتیی کۆمەڵناسەکان پێیانوایە، کە ژینگەی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی خێزان، گرنگترین هۆکارە لە پێکهاتەی کەسێتیی تاکدا، چونکە ژیان و خەسڵەتی مرۆیی پێدەبەخشێت و سەرچاوەی گشت هەستەکانی مرۆڤە، لە هەستکردن بەخود و تاکایەتی و ویژدان و...هتد. (شەمس: ٢٠١٣: ٥٣)، منداڵ یەکەم پەیوەندی لە نێو خێزاندا دروست دەکات و خێزان بەرپرسە بە پێدانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گونجاو بە منداڵ، چونکە بەرهەمهێنانی کەسێتییەکی تەندروست لە ڕێگای ژینگەیەکی خێزانیی تەندروست دەبێت.

## ٩-١ یاسا کۆمەڵایەتییەکان:

یاسا بریتییە لە کۆمەڵە دەربڕینێکی زمان، کە چۆنیەتیی ژیان و پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و گونجانیان لەگەڵ دەوروبەر ڕێکدەخات. دەقی یاسایی، بەرهەمی قوڵبونەوەی دانەرەکەیەتی، وشەکانیش ویست و بیروبۆچونە ڕاستەقینەکانی دانەر دەردەبڕن. دەقە یاساییەکان لە وشە و زاراوە پێکدێن، کە لە ڕێگایانەوە ڕاستییەکانی ژیان دەردەبڕدرێن. کەرەستەکانی زمانی یاسایی، هەمان کەرەستە زمانییەکانی ئاخاوتنی خەڵکن، بەڵام دەربڕینەکانیان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. زمانی یاسا، یاسا و مەرجی تایبەتییان هەیە، کە زمانێکی هونەری دروستدەکەن. (حوسێن:٢٠١٠: ٥). کەواتە یاسا کۆمەڵە ڕێسا و یاسایەکە، کە لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە دەردەچێت، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان تاک لەگەڵ تاک، یان تاک و دەوڵەت، هەر تاکێک بیەوێت لەو یاسایانە لابدات و فەرامۆشیانبکات، ئەوا ڕوبەڕوی سزای ماددی یان گاڵتەپێکردن و توانج دەبێتەوە لەلایەن کۆمەڵەوە. پێویستە لەکاتی دانانی یاساکاندا، یاساکان بەو زمانە بنوسرێن، کە خەڵک قسەیپێدەکات، واتای شاراوە و نادیار لە دەستەواژەکاندا نەبێت و دەستەواژەکان دو واتا یان زیاتر نەگەیەنن، بۆئەوەی تاک توشی هەڵە نەبێت لە جێبەجێکردنیاندا، یان کاتێک بیەوێت بە ئەنقەست لە یاسا لابدات، ئەوا نەتوانێت پۆزش بۆ کارەکەی بهێنێتەوە.

مرۆڤ هەروەکو چۆن زمان و بیرکردنەوە و کەلتور و ئاین...هتد، لە کۆمەڵگاکەی وەردەگرێت و فێریاندەبێت، ئەوا یاسا کۆمەڵایەتییەکانیش بە هەمان شێوە لە کۆمەڵگاکەیەوە فێردەبێت، یاسا کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا چەند جۆرێکن و تاکی کورد لە ژیانی ڕۆژانەیدا جێبەجێیدەکات و پەیوەستە پێیانەوە. لێرەدا هەندێ لەو یاسایانە دەخەینەڕو:

### ١-٩-١) یاسای ڕەچاوکردنی توێژی کۆمەڵایەتی:

زمان نیشانەیەکی جیاکەرەوەیە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ، منداڵ کە لەدایکدەبێت لە کۆمەڵەوە فێری زمان دەبێت و وەریدەگرێت، بەڵام ئەم زمانە گۆڕانی بەسەردادێت بەپێی تەمەن و ئەو ناوەندەی، کە تێیدا دەژیت. بەپێی ئەو چینەی، کە تێکەڵاویدەبێت وشەکان فێردەبێت. زمان نیشانەیە بۆ توێژی کۆمەڵایەتی و هەر توێژەش یاسای قسەکردن و بیرکردنەوە و کەلتوری خۆی هەیە. واتە هەر توێژە شێوازی تایبەت بەخۆی لە قسەکردندا هەیە، بۆ نمونە ستایل و شێوەی قسەکردنی توێژی دەوڵەمەندەکان جیاوازە لە هی هەژارەکان، هی فیتەرەکان جیاوازە لە هی بازرگانەکان، هەروەها شێوازی قسەکردنی خوێندەوار و نەخوێندەوار لە یەکتری جیایە، تەنانەت خوێندەوارەکانیش لە نێو خۆیاندا بەپێی کار و پیشەکانیان وەک ئەندازیار و دکتۆرەکان، یان ئەوانەی، کە ئاینیان جیاوازە، شێوازی قسەکردنیان جیاوازی هەیە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

### ١-٩-٢) یاسای ڕێزگرتن:

ڕێزگرتن لە کردەی ئاخاوتندا پێویستییەکی گرنگە، بۆئەوەی ناکۆکی و ململانێ لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دروستنەبێت و ببێتەهۆی بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوانیان. ڕێزگرتنی زمانی، بابەتێکی زۆر پێویستە، دەبێتە هۆی ئاسانکردن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ڕێزگرتن تەنیا بریتینییە لە چەند ئەتەکێتێک، واتە تەنیا یاسا و ڕێسا و ڕەفتاری گونجاو نییە، بەڵکو چەند لایەنێکی تری هەیە، یەکێک لەو لایەنانە لایەنی کۆمەڵایەتییە. هەروەک **(فرانس)** ئاماژەپێیداوە، ڕێزگرتن تروپکی بەها کۆمەڵایەتییەکانە، یان بۆ بەدەستهێنانی پێویستییە تاکە کەسییەکان دەمامکێکی باشە. (حەمەڕشید: ٢٠١٢: ١٤)، ڕێزگرتن بەپێی کەلتورەکان گۆڕانی بەسەرداردێت، هەروەک ئەو جیاوازییەی، کە لە نێوان کەلتوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەیە.

### ١-٩-٣) یاسای ڕەچاوکردنی بیروباوەڕی ئاینی:

ئاین هەر لە سەرەتای مێژوی مرۆڤایەتییەوە کاریگەری بەسەر زمانەوە هەبوە، چونکە بوەتە هۆکارێک بۆ زۆرێک لەزمانەکان و تەمەندرێژیی زمانەکە و پیرۆزکردن و فراوانکردنی، زمان هی هەر میللەتێک بێت، لە ڕێگای زمانی ئاینەکەیەوە زاڵدەبێت بەسەر نەتەوەکانی دراوسێی، وەک زمانی عەرەبی. (سعران: ١٩٦٣: ١٠٩). لە کۆمەڵگای کوردیشدا قسەکەر دەبێت بە هەمو شێوەیەک ڕەچاوی بنەماکانی ئاینی ئیسلام بکات، چونکە زۆربەی زۆری کورد موسڵمانن، ئەوانیش زۆربەی زۆری سوننە مەزهەبن و ژمارەیەکی کەمیشیان شیعە مەزهەبن. جگە لە ئاینی ئیسلام، یەزیدی و مەسیحیش لە کۆمەڵگای کوردیدا دەژین و دەبێت قسەکەر لەکاتی قسەکردنیدا ڕەچاوی بیروباوەڕی ئەوان بکات و ڕێز لە ئاینی ئەوانیش بگرێت.

### ١-٩-٤) یاسای ڕەچاوکردنی تەمەن:

زمان لەگەڵ تەمەندا گۆڕانی بەسەرداردێت و لە ئاستی خۆیدا ناوەستێت. واتە هەر تەمەنێک شێوازی قسەکردنی جیاوازە. هەمو تاکەکانی کۆمەڵ ئەو دەستورانەی بەپێی تەمەنە جیاوازەکان بەکاردەهێنرێن، دەیانزانن. لە کۆمەڵگای کوردیدا، گەر کەسێک بەپێی ئەو دەستورانە قسەینەکرد، ئەوا توشی ڕەخنە و گاڵتەپێکردن دەبێت، بۆیە هەر کەسە و هەوڵدەدات بەپێی تەمەنی خۆی قسەبکات، تاوەکو خۆی لە ڕەخنە و توانج بەدوربگرێت و نەبێتە جێگەی باسی خەڵک.

### ١-٩-٥) یاسای ڕەچاوکردنی تابۆکان:

هەمو زمانێک خاوەنی کۆمەڵێک وشە و دەربڕینە، کە قسەپێکەری زمانەکە ڕاستەوخۆ ناتوانێت بیانڵێت، چونکە هەڵگری واتای نەشیاو و ناپەسندن. لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەپێی ئاین و کەلتور و دابونەریت...هتد، وتنی ئەو وشە تابۆیانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ قەدەغەکراوە، کاتێکیش تاک ناچاردەبێت بەکاریانبهێنێت، ئەوا دەبێت ڕەچاوی ئەم یاسایە بکات.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

### ١-٩-٦) یاسای ڕەچاوکردنی دەوروبەری قسەکردن و کاتی واتایی:

کاتێک لە واتای وشە دەکۆڵینەوە، ئەوا ڕوبەڕوی گیروگرفتی زۆر دەبینەوە، گیروگرفتەکانیش ئەوانەن، کە تاکە وشەیەک لە دەوروبەرێکەوە بۆ دەوروبەرێکی تر واتاکەی دەگۆڕێت. هەندێکجار جیاوازییەکە بە ئەندازەیەکی زۆرە، کە پەیوەندییەکی ئەوتۆ، یان هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئەو جۆرە واتاییانەدا هەستییێناکرێت. (معین: ٢٠٠٥: ٣٥)، واتە وشە و دەربڕاوەکان بەپێی دەوروبەر و کات و شوێن واتایان دەگۆڕێت، بۆیە قسەکەر دەبێت هەمیشە ڕەچاوی ئەو دەوروبەر و کات و شوێنە بکات، کە وشەکانی تێدا دەردەبڕێت.

### ١-٩-٧) یاسای ڕەچاوکردنی مەرجی کردەقسەییەکان:

تا ماوەیەکی زۆر وا باو بو، کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان (قسەکردن) و (کار ئەنجامدان)دا هەیە، بەڵام کاتێک **(ئۆستن)** هات، جیاوازیی قسەکردن و کار ئەنجامدانی هەڵوەشاندەوە. تا گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە هەمو قسەکردنێک ئەنجامدانی کارێکە. هەروەها باوەڕیشی وابو، کە هەر گوتنێک چەند کردەیەک لەخۆدەگرێت، وەک (بڕیاردان، پەیماندان، پۆڵێنکردن، مەزندەکردن...هتد). (توفیق: ١٩٩٥: ٣٨)، بێگومان بۆ ئەنجامدانی هەر کردەیەک دەبێت زەمینەیەکی لەبار و گونجاو بۆ کردەکە بڕەخسێنێت و چەند مەرج و خاڵێک گەڵاڵە ببێت، چونکە پێویستی بە چوارچێوە و دەوروبەرێکی لەبار هەیە، بۆئەوەی کردەکە ئەنجامبدرێت. (سەرچاوەی پێشو: ٦٥)، لەگەڵ ئەنجامدانی هەریەک لەو کارانە، ئەوا دەبێت قسەکەر شارەزاییەکی زۆر و کارامەییەکی باشی لە قسەکردندا هەبێت.

## بەشی دوەم: پەیوەندیی نێوان شێوازی هەڕەشە و توندوتیژی

### ٢-١) زمان و شێواز

هەر نوسەرێک، کە دەقێک دەنوسێت، ئەوا زمانێک بەکاردەهێنێت، کە جیاوازە لە زمانی ئاخاوتن و قسەکردنی گشتی، چونکە پەیڕەوکردنی ئەو جۆرە شێوازە مەبەستی نوسەرە، مەبەستییەتی کاریگەری لای گوێگر، یان خوێنەر دروستبکات، هەمیشە نوسەر، کە شتێک دەنوسێت هەوڵدەدات نوسینەکەی بە جۆرێک بێت لەگەڵ کات و شوێن و باری دەرونیی گوێگر و خوێنەر بگونجێت، بۆئەوەی ئەوەی مەبەستیەتی وەک خۆی بیگەیەنێت. یەکێک لەو لایەنانەی، کە نوسەر دەبێت شارەزایی لێی هەبێت، زمانەوانی و دۆزینەوەی ئەو زمانەیە، کە ناوەڕۆکی بیرەکەی پێ هەڵبڕێژێت. (سالح: ٢٠١٢: ٥٨)، چونکە بیر بە تەنیا ناتوانێت ئەو واتا و مەبەستە بە تەواوەتی بە گوێگر و خوێنەر بگەیەنێت، کە لەلای هەڵگری بیرەکەیە، بۆیە دەبێت ئاوێتە و تێکەڵاوی زمانێکی بکات و بە شێوازێکی لەبار و گونجاو دەریببڕێت، چونکە لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بەرهەمی شیعری شاعیران، یان بەرهەمی سەردەمێکی دیاریکراودا، دەبێت مامەڵە لەگەڵ زمان و وشە و زاراوەکانی و چۆنیەتیی داڕشتنیان بکرێت و بکرێت بە بنەما و تەوەرەی لێکۆڵینەوە. (کاکی: ٢٠٠٨: ١٢)، واتە هەر نوسەرێک گەر لە بواری ئەدەبیشدا کار بکات، ئەوا دەبێت شارەزایی تەواوی لە زمانەکەیدا هەبێت، چونکە تێگەیشتن لە هەر کارێکی ئەدەبی پەیوەستە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

بە تێگەیشتن لە زمانەکە، لەبەرئەوەی زمان کەرەستەی نوسەرە و ئەدەبیش پەیوەندی بە بوارەکانی زمانەوە هەیە.

### ٢-٢) ئەرکی زمانەوانی لە شێوازدا

ئەرکی زمانەوانی لە شێوازدا بە ئەرکێکی گرنگ و تایبەتمەند دادەنرێت، بە مەبەستی گەیشتنی پەیامەکە لە نوسەرەوە بۆ خوێنەر، یان لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر، شێوازی دروستکردنی ئەو وێنانەش بەهۆی زمانەوەیە، کە دەوەستێتە سەر کۆمەڵێک هۆکار، وەک خێرایی لە دەربڕین، یان لەسەرخۆیی لە دەربڕین لەکاتی قسەکردندا، لە نوسینیشدا بەهۆی هەڵبژاردنی جۆری وشەکانەوەیە بۆ دروستکردنی وێنەی بەهێز و ڕون، دیسان لە نوسینیشدا خێرایی و هێواشیی خوێندنەوەش کاریگەری لەسەر ڕادەی وەرگرتن و تێگەیشتن دەبێت. (ساڵح: ٢٠١٢: ٨٨)، کەواتە زمان ئەرکی سەرەکی دەبینێت لە گواستنەوەی بیر و هزر لە نوسەرەوە بۆ خوێنەر، یان لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر، ئەمەش پێویستی بە شارەزایی و لێهاتویی قسەکەرەکە لە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکاندا هەیە، بۆئەوەی بتوانێت وێنەی کاریگەر لە ناخی بینەرەکانیدا دروستبکات.

### ٢-٣) جۆرەکانی شێواز

شێواز پۆلێنی جیاوازی بۆ، کراوە. لەم بارەیەوە لێکۆڵەران لە دو تا پێنج جۆری شێوازیان بۆ زمانە جیاوازەکان دیاریکردوە، ئەم شێوازانەش بە گوێرەی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر دیاریدەکرێت، **(مارتن جۆزی)** زانا پێنج جۆری شێوازی دیاریکردوە، کە دەکرێت بەکاربهێنرێن لەلایەن تاکەوە. (خرما: ٢٠١٣: ٢٩٧-٣٠٠).

#### ٢-٣-١) شێوازی وشک (Frosen)

ئەو شێوازەیە، کە وتە و قسەی فەرمی تێدا بەکاردێت، لەم شێوازەدا هیچ ئەرزش و بایەخێک بە گوێگر، یاخود ئامادەبو نادرێت، چونکە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت کاربکاتە سەر ئەو وتانەی دەردەبڕدرێن و ناتوانێت بەشداری لە ئاخاوتنەکەدا بکات، واتە قسەکەر قسەدەکات و گوێگریش تەنیا دەبێت گوێگر بێت، وەک شێوازی وتاردانی فەرمی و زۆرینەی نوسراوی ناو پەخشان...هتد.

#### ٢-٣-٢) شێوازی فەرمی (Formal)

ئەو جۆرەی شێواز لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دروستدەبێت، هەندێکجار گوێگر بەشدارییەکی کەمی هەیە، وەک ئەو وتارانەی، کە بەباشی ئامادەکراون و لەپێش کۆمەڵێک خەڵکیدا دەوترێن و گرنگییەکی زۆر بە دەربڕینەکان و خوێندنەوەیان دەدرێت، هەروەها وەک ژمارەیەک بەرنامەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و هەندێ لەو سیمینارانەی، کە لەناو زانکۆکاندا. ئەم شێوازە زیاتر لە نێو ئەو کەسانەدا بەکاردێت، کە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە لە یەکترییەوە دورن، وەک سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانی.

#### ٢-٣-٣) شێوازی ڕاوێژکاری (Consultative)

ئەم شێوازە زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی فەرمی لەخۆدەگرێت، بەڵام لەم شێوازەدا وا دەخوازێت، کە گوێگر بەشداریبکات و قسەی خۆی هەبێت، لەم شێوازەدا قسەکەر بەوردی و بەبایەخەوە پلانی پێشەکی بۆ


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

دانانێت و خۆی لە بەکارهێنانی دەستەواژەی دروستکراو دوردەخاتەوە، وەک گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی نێوان سەرۆکی وڵات و وەزیرەکانی و ڕاوێژکارەکانی.

### ٢-٣-٤) شێوازی سادە (Casual)

ئەمەش ئەو شێوازەیە، کە هاوڕێیان و دۆستان لە نێوان خۆیاندا بەکاریدەهێنن، یاخود ئەو شێوازەیە، کە خەڵک لە نێوان خۆیاندا وتوێژی لەسەر دەکەن، لەبارەی بابەتێکی بڵاوی ناوخۆیان، واتە لەم شێوازەدا بواری قسەکردن و ڕاگۆڕینەوە و زانیاریی زۆر بۆ ئامادەبوان لەخۆدەگرێت، لەم شێوازەدا بەشداربوان پێویستییان بە زانیاری و پێشینە دەربارەی یەکتری و ئەو بابەتەی گفتوگۆی لەسەر دەکەن، هەیە لەم جۆرەی شێوازدا خەڵک بە زمانێکی سادە و ئاسایی قسەدەکەن، تەنانەت لە نێوان ڕۆشنبیرانیش وشەیەکی زۆر گشتی تێدا بەکاردێت. لەم شێوازەدا گفتوگۆی زۆر و پچڕانی قسە بەیەکتری و دوبارەکردنەوە و دەربڕینی ناتەواو و بەکارهێنانی وەڵامی کورتی یەک وشەیی، وەک **(ئم، ئا، نا، با، ها...هتد)** و بەکارهێنانی هێما و دەربڕینە نازمانییەکانی وەک، سەرجوڵاندن و دەستڕاوەشاندن...هتد، تێدا زۆر بەکاردێت.

### ٢-٣-٥) شێوازی هۆگر (Intimate)

ئەم جۆرەیان دەکرێت بە نزمترین ئاستەکانی شێوازی فەرمی دابنرێت، لە کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە و نیمچە ڕستە پێکدێت، واتە لەم جۆرەیاندا زمانی گشتی (بازاڕی) زۆری تێدا بەکاردێت، بەڵکو زۆر جار دەستەواژە و وشەی تایبەت بە خێزانێکی دیاریکراو، یان توێژێکی کۆمەڵایەتیی زۆر بچوکی تێدا بەکاردێت. دیارە ئەرکی ئەم شێوازە لەگەڵ شێوازەکانی تر جیاوازە، چونکە ئەم جۆرەیان زیاتر بۆ گوزارشتکردنی هەست و سۆز بەکاردێت، زیاتر لەوەی، کە مەبەستی گەیاندنی ڕاوبۆچونێکی دیاریکراو بێت.

### ٢-٤) چەمک و پێناسەی هەڕەشە

هەڕەشەکردن بریتییە لە کردار و ئامرازی پەیوەندی، کە هۆکاربەندی و تێگەیشتنی لۆجیکی لەخۆدەگرێت لە شێوەی (ئەگەر پابەند نەبی بە کردنی ئەو شتە، ئەوا ئەنجامێک دێتەئاراوە، کە بۆ تۆ زیان بەخش و خراپ دەبێت)، بۆیە جگە لە قسەکردن هەندێکجار کردارێکی فیزیکی (جەستەیی)، هەستی بونی هەڕەشە لەلای کەسەکان دروستدەکات. (Walton: 2000: 103-104)، هەڕەشەکردن لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی فەرمانی نێرەر (قسەکەر)دا دێت، بۆئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بخاتە دڵی وەرگر (گوێگر) تا کارەکە جێبەجێبکات، بۆ ئەم مەبەستەش خاڵی لاوازی گوێگر دەوروژێنێت و دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنێت. (محەمەد: ٢٠٠٩: ٥٥)، هەروەها (سیرێل) لە پێناسەکردنی هەڕەشەدا دەڵێت: (هەڕەشەکردن دانانی کارێکە، کە لەسەر تۆ بسەپێنرێت، نەوەکو کارێک بێت لە بەرژەوەندی تۆدا کرابێت). (سلێمان: ٢٠٢٠: ٢٠). واتە هەڕەشە بریتییە لە دەربڕینی نیازی بەسەرهێنانی ئازار، برین یان، خراپە. هەڕەشە یان ڕونتر بڵێین کردەی هەڕەشەکردن وا پێناسەدەکرێت، کە قسەیەکە سێ مەرجی سەرەکی تێدابێت، سەبارەت بە ڕوداوێک، کە لەلایەن گوێگرەوە وەک خراپ دەبینرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

**١- مەرجی ئامادەکاری:** گوێگر (هەڕەشە لێکراو) هۆکاری هەیە بۆئەوەی باوەڕبکات قسەکەر **(هەڕەشەکەر)** دەتوانێت ڕوداوەکە بهێنێتەئاراوە، هەردولا وادادەنێن بەبێ دەستتێوەردانی قسەکەر ڕوداوەکە ڕونادات.

**٢- مەرجی جدیبون:** هەردولا دەزانن ڕوداوەکە لە بەرژەوەندیی هەڕەشەلێکراو نابێت، بۆیە ئەگەر پێویست بێت، دەبێت هەنگاوبنێت بۆئەوەی ڕێلێبگیرێت.

**٣- مەرجی بنەڕەتی:** قسەکەر سوردەبێت لەسەر ئەوەی، کە ڕوداوەکە ڕوبدات مەگەر گوێگر مەرجی دەستنیشانکراو جێبەجێبکات. (Walton: 2000: 113).

## ٢-٥) جۆرەکانی هەڕەشە

بە گشتی هەڕەشە شتێک نییە لەگەڵماندا لەدایکبوبێت، بەڵکو بابەتێکە لەناو کۆمەڵدا فێریدەبین و پێی ئاشنا دەبین. هەڕەشەکردن وەک دیاردەیەک زیاتر لەو کاتانەدا پەنای بۆ دەبرێت گەر کەسەکە لە بارێکی دەرونیی نائاسایدایە و گەیشتبێتە حاڵەتی توڕەبون، بۆیە لەو کاتەدا هەرچۆنێک بێت دەیەوێت ئەو ڕق و کینەیەی لە ناخیدا پەنگیخواردوەتەوە دەریببڕێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەو قسە و کردارانەی، وەک هەڕەشە بەکاردەهێنرێن لەسەر چەند بنەمایەک ڕێکدەخرێن، ئێمەش چەند جۆرێکیان دەخەینەڕو:

### ٢-٥-١) هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و هەڕەشەی ناڕاستەوخۆ

- **هەڕەشە بەشێوەی ڕاستەوخۆ، (ئۆستن)** پێیوایە (کردەی هەڕەشەکردن بۆ ترساندنی وەرگر دەتوانرێت لە هەندێک دەوروبەردا بەشێوەیەکی کاریگەر و ڕاستەوخۆ بەکاربهێنرێت). (توفیق، مستەفا: ٢٠١٨: ٢٦). بە تێڕوانینی ئێمە بەکارهێنانی هەڕەشەی ڕاستەوخۆ دەکرێت لە هەر کەلتورێکدا کۆمەڵێک سودی هەبێت، لەوانە ئەم جۆرەی هەڕەشە ئاسانە بۆ تێگەیشتن و پێویستی بە ڕونکردنەوە نییە. هەڕەشەی ڕاستەوخۆ زیاتر لە سیاقێکی نافەرمیدا بەکاردەهێنرێت، ژیانی ڕۆژانە پڕیەتی لە ئاخاوتنی نافەرمی وەک لە نێوان خزم و خێزان و هاوڕێ و دراوسێ و هاوپیشەکاندا ڕودەدات، لەم جۆرەیاندا ئاوازەی دەربڕینەکان توندوتیژن و توڕەبونیان پێوەدیارە و بە دەنگێکی بەرز دەردەبڕدرێن.

- **هەڕەشە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ:** خاڵی جیاکەرەوەی هەڕەشەی ناڕاستەوخۆ ئەوەیە، کە دەربڕینەکان بە شێوەیەکی ئەنقەست تەمومژاوی دەردەبڕدرێن و زیاتر لە ڕامانێک هەڵدەگرن، زۆرجار دەبێتە هۆی سەر لێشێواندنی بەرانبەرەکەیان. هۆکاری بەکارهێنانی ئەم جۆرەیان ئەوەیە قسەکەرەکە دەیهەوێت ترس لای گوێگر دروستبکات، بەڵام هێشتا نیازی خۆی نیشاننادات بۆ گرتنەبەری ڕێکاری دیاریکراوی سزادانی بەرانبەر. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرەیان ئەوەیە، کە قسەکەرەکە نایەوێت هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بەکاربهێنێت، لەبەرئەوەی پێچەوانەیە لەگەڵ بنەما فەلسەفی و ئەخلاقییەکانی خۆی و ناپرۆفیشناڵانەیە. (Nikita: 2018: 228-229). لەم جۆرەیاندا دەربڕینەکان زیاتر لە واتایەکیان هەیە و زیاتر لە لێکدانەوەیەکیان بۆ دەکرێت و دەوەستێتە سەر لێکدانەوەکانی وتەکانی کەسی بەرانبەر بۆ ئەو دەربڕینانەی لەلایەن قسەکەرەکەوە دەردەبڕدرێن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

### ٢-٥-٢) هەڕەشەی مەرجدار و هەڕەشەی بێ مەرج

لە هەڕەشەکردندا زۆربەی کات دەتوانرێت بە بەکارهێنانی ئامڕازی مەرجەوە، کردەکە ڕاپەڕێنرێت. (توفيق، مستەفا: ٢٠١٨: ٢٦)، چونکە زۆربەی هەڕەشەکان بە سروشت مەرجدارن، ئەمەش بەو مانایەی هەڕەشەکە مەرجێک لەخۆدەگرێت لە جۆری ئەگەر تۆی **(گوێگر)** ئەوە و ئەوە نەکەیت، ئەوا منی **(قسەکەر)** ئەوە و ئەوە دەکەم. لە ڕاستیدا هەڕەشەی مەرجدار ئەوەندە زۆر و بەربڵاون، کە لەوانەیە بمانەوێت بڵێین هەڕەشەی بێ مەرج ئەوەندە کەمە، زۆر کات دەکرێت کێشە بۆ خودی پێناسەی هەڕەشە دروستبکات. (Walton: 2000: 115)، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە لە بەکارهێنانی ئاسایدا دەوترێت هەڕەشە بریتی نییە لە دروستکردنی هەڕەشە بەمانا لۆجیکییەکەی.

### ٢-٥-٣) هەڕەشەی ئاشکرا و هەڕەشەی شاراوە

دەکرێت جیاوازی بکەین لە نێوان هەڕەشەی ئاشکرا (بەیانکراو)، کە تیایدا پەیامێکی وتراو دروستبوە، لەگەڵ هەڕەشەی شاراوە (پەنهان) کاتێک هیچ پەیامێکی وتراو بونی نییە، یاخود پەیامەکە بە زمانێکی ناڕون خراوەتەڕو. (سەرچاوەی پێشو: 109).

### ٢-٥-٤) هەڕەشەی یاسایی و هەڕەشەی نایاسایی

**(Bruce Fraser)** ئاماژە بە دو جۆری هەڕەشە دەکات، ئەوانیش هەڕەشەی یاسایی و هەڕەشەی نایاساییین. هەندێک لە هەڕەشەکان تەواو یاساییین و قسەکەر **(هەڕەشەکەر)** بەپێی ئەو یاسایەی، کە پێی دراوە دەتوانێت هەڕەشە لە گوێگر **(هەڕەشەلێکراو)** بکات. (Fraser: 1998: 160)، وەک هەڕەشەی نەدانی پارە بکرێت، ئەگەر خزمەتگوزارییەکان باشتر نەکرێن، ئەمانە هەڕەشەی یاساییین هەرچەندە هەندێکجار بێزارکەریش بن، لەلایەکی ترەوە هەندێک هەڕەشە نایاساییین، وەک هەڕەشەی ئاشکراکردنی زانیاری ئەگەر پارەت پێنەدرێت **(بەرتیل)**، یان هەڕەشەی زیان گەیاندنی جەستەیی بە کەسێک ئەگەر دەستبەرداری شتەکانیان نەبن **(دزیکردن)**.

### ٢-٦) هۆکارەکانی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هەڕەشە

مرۆڤ بە گشتی لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا هەوڵدەدات، بەشێوازێکی جوان و سەرنجڕاکێش، کە پڕبێت لە ڕێز و حورمەت، لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا مامەڵە بکات، بۆئەوەی پەیوەندی گونجاو لەگەڵیاندا دروستبکات، بەڵام کاتێک مرۆڤ ڕێڕەوی ژیانی لە ڕێچکەی ئاسایی خۆی لادەدات، ئەوا ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیشی گۆڕانکارییان بەسەرداردێت، تەنانەت زۆرجار هەڕەشە و توندوتیژی لە قسە و ڕەفتارەکانیدا بەدیدەکرێت، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەمانە:

### ٢-٦-١) دروستکردنی گۆڕانکاری

یەکێک لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی هەڕەشە دروستکردنی گۆڕانکارییە لە هەڵسوکەوتی کەسێکدا، بۆ نمونە قسەکەری **(أ)** دەیەوێت قسەبۆکراوی **(ب)** بە جۆرێکی دیاریکراو هەڵسوکەوتبکات (واتە کارێک ئەنجامبدات، یان واز لە ئەنجامدانی کارێک بهێنێت)، کە بۆ قسەکەرەکە بەهایەکی ئەرێنی دەبێت. (Beller: 2005: 213- 217). واتە قسەکەرەکە کار لە گوێگر بکات و گۆڕانکاری تێدا دروستبکات، وایلێبکات بە حەز و ئارەزوی خۆی کارەکانی ئەنجامبدات، بۆیە لێرەدا هۆکارەکە دروستکردنی گۆڕانکارییە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

### ٢-٦-٢) هۆکاری دەروونی

هەرچەندە دەروونناسەکان بە بەردەوام ڕووبەڕوی کەیسی هەڕەشەکردن دەبنەوە. پێکهاتەی سایکۆلۆژیی ئەو کەسانەی هەڕەشەی زیان گەیاندن بە کەسانی تر دەکەن بەباشی نەزانراوە، ئامانج و هۆکاری بەکارهێنانی هەڕەشە لەنێوان مرۆڤەکان بابەتێکی نادیار و ئاڵۆزە، هۆکارەکەی هەر چیەک بێت بابەتێکی ناخۆش و بێزارکەرە، زۆرجار کەسی هەڕەشە لێکراو داوای یارمەتی لە دەوربەرەکەی دەکات. (Warren: 2013: 329-331)، بۆ ئەمە توێژینەوەیەک لەسەر ئەو کەسانە کراوە، کە هەڕەشەی کوشتن، یان ئازاردانی کەسانی تریان کردوە، بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتون، لەسەر هۆکارەکانی پشتی بەکارهێنانی هەڕەشە، زۆربەیان هەندێ کێشەیان هەبوە، لەوانە: هەستی ڕەشبینی، نەبونی تێگەیشتن لەگەڵ دەوروبەر. (سەرچاوەی پێشو: ٣٣٩).

### ٢-٦-٣) داواکردن وەک هەڕەشە

وەک کردەیەکی نەرێنی داواکاریی لە بنەڕەتدا کردەیەکی هەڕەشەیە. قسەکەر کە داواکارییەک دەکات، هەوڵدەدات دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆی ڕاستەوخۆ بەسەر مەبەست و هەڵسوکەوتی گوێگردا بسەپێنێت، بەمجۆرە داوا لە هەڕەشە لێکراو دەکات لە وەڵامی نەرێنی، بەوەی کە نیشانیدەدات نایەوێت ئازارییدات بە داوالێکراو لە جێبەجێکردنی، یان ڕەتکردنەوەی داواکە. (Coulmas: 1994:188).

### ٢-٦-٤) سکاڵاکردن وەک هەڕەشە

لە جیاتی داواکردنێک بەڕێزەوە، سکاڵاکار لەوانەیە بڕیاربدات، کە ڕاستەوخۆ هێرشبکاتە سەر سکاڵا لێکراو بە هەڕەشەکردن لێی، بەم شێوەیە هەڕەشەیەک دەکات، کە ئەنجامێکی خێرای دەبێت. (سەرچاوەی پێشو: ٣٢١-٣٢٢)، بۆ نمونە، کەسێک پارچە زێڕێک لە دوکانێک دەدزێت، ئەوا خاوەن دوکانەکە ڕاستەوخۆ بە دزەکە دەڵێت ئەو شتەم بدەوە، کە دزیوتە، ئەگەرنا هەر ئێستا پۆلیس بانگدەکەم، لێرەدا هەڕەشە وەک سکاڵا بەکارهاتوە، چونکە داواکردن ڕەتکراوەتەوە.

### ٢-٦-٥) ترساندن و بەئاگاهێنانەوە

مەبەست لە هەڕەشە نیشاندانی نیازێکە، بۆئەوەی کەسی هەڕەشە لێکراو بخرێتە بارێکی ترس و ئاگاییەوە، زۆربەی کات مەبەست لێی ئەوەیە وا لە کەسێک بکات هەڵبستێ بە کردنی کارێک، کە ئەگەر وا نەبوایە، لەوانەیە نەیکردبا. (Peetz: 1977: 580-851)، بۆ نمونە:

- ***ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەت لێرە لانەبەی دەتکوژم.***

کاتێک قسەکەرەکە ئەو ڕستەیەی سەرەوە بەگوێگر دەڵێت، ئەگەر گوێگرەکە نەکەوێتە باری ترس و ئاگایشەوە، ئەوا دەربڕینەکە هەر بە هەڕەشە هەژماردەکرێت.

### ٢-٧ توندوتیژی

دوای ئەوەی باسی هەڕەشەمان کرد، بە پێویستی دەزانین باسی توندوتیژیش بکەین، چونکە ئەگەر وەکو ئاست تەماشایان بکەین، ئەوا سەرەتا لە هەڕەشەکردنەوە دەستپێدەکات و پاشان بۆ پەنابردنەبەر بەکارهێنانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

توندوتیژی دەڕوات. ئایا توندوتیژی چییە؟ توندوتیژی سروشتییە و لەگەڵ لەدایکبونی مرۆڤدا لەدایکدەبێت، یان بەرهەمی ژینگە و پەروەردە کۆمەڵایەتییەکانە؟ جۆرەکانی کامانەن؟ بە چ هۆکارێک لە کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدات.

گومان لەوەدانییە، کە توندوتیژی وەک دیاردەیەکی مێژویی و جیهانی لە هەمو کۆمەڵگاکانی مرۆڤدا بونی هەیە، تەنیا جیاوازی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لە ڕادە و شێوەکانی توندوتیژیدایە. هەریەکە لە **(گروندی Grundy)** و **(وینستینWeinstein)** دەڵێن: چەمکی توندوتیژی تەنها یەک پێناسەی دیاریکراوی نییە. (عزیز: ١٩٩٦: ٤٢)، لەبەرئەوەی چەمکێکی فرە ڕەهەندە و لە هەمو بوارەکانی ژیاندا بونی هەیە. توندوتیژی بریتییە لەهەر هەڵوێستێک، کە مەبەست لێی زیانگەیاندن بێت بە کەسی بەرانبەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ. (عومەر، واحد: ٢٠١٧: ٧٦)، **(ریمون)** پێیوایە توندوتیژی بریتییە لە هەمو جۆرە دەستتێوەردانێک، کە بەشێوەیەکی ترسناک دەکرێتە سەر کەسانی تر، هەوڵدەدات لە ئازادی بیرکردنەوە و بۆچون و مافی چارەنوس بێبەشی بکات، لە کۆتاییدا دەیگۆڕێت بە کەسێک، کە وەکو ئامراز مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، وەکو کەسێکی سەربەست و بە توانا مامەڵەی لەگەڵدا ناکات. (جمیل: ٢٠٠٧: ٢٧). توندوتیژی زەنگێک، یان پەیامێکی مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگا، پێویستە بەهەند وەربگیرێت بەرلەوەی بگاتە ئاستی تاوان و کوشتن و لێدان و دەستدرێژی و دزی و ئاژاوە...هتد. ئەوەی ئەم توندوتیژییەش ئەنجامدەدات کەسێک، یان چەند کەسێکی توندڕەو و دەمارگیرن. ئایا بۆچی مرۆڤ گیرۆدەی توندوتیژی بوە، بە سروشتی هەرخۆی توندوتیژە، یان بەرهەمی ژینگە و پەروەردە کۆمەڵایەتییەکانە؟ **سەبارەت بەم پرسیارە دو بۆچون هەیە:**

**بۆچونی یەکەم:** سەبارەت بەم توندوتیژیە هەندێک لە زانا و بیرمەندانی کۆمەڵناسی پێیانوایە، کە توندوتیژی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ هەر لەگەڵ لەدایکبونیدا ئارەزو و مەیلی سروشتی، بەناچاری مرۆڤ بەرە و ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ئەوانی تردا پەلکێشدەکات، بەپێی ئەم بۆچونە مرۆڤ لە پێکهاتەی خۆیدا سەرچاوەی هەمو جۆرە کێشە و توندوتیژییەکە، لەبەرئەوەی ئەم دیاردەیە سروشتییە نەوە لە دوای نەوە ڕودەدات، واتا تاوەکو مرۆڤ بمێنێت، توندوتیژی هەر بەردەوامدەبێت. زانا و پزیشکی دەرونناسی نەمسایی **(سیگمۆن فرۆید ١٨٥٦-١٩٣٩)** لەگەڵ ئەم بۆچونەدایە و پێیوایە مرۆڤ لە خودی خۆیدا سروشتێکی دوژمنکارانەی هەیە، ئەم سروشتە دوژمنکارانەیە هۆی بەرهەمهێنانی هەمو شێوەکانی توندوتیژییە. لە مێژوی مرۆڤایەتیدا پەیوەندی بە پێکهاتەی ئاڵۆزی دەرونی مرۆڤ و شوناسە بۆماوەییەکانەوە هەیە. (وەهاب: ٢٠١٣: ١٤)، لەم بارەیەوە **(سکینەر)**یش دەڵێت: توندوتیژی لە بیرەوە سەرچاوەدەگرێت دواتر دەبێت بە ڕەفتار، خۆ ئەگەر نەبێت بە ڕەفتاریش ڕەنگە بە جۆرێکی تر دەربیبڕێت. (عبدولواحید: ٢٠١٧: ١)، کەواتە هزری توندوتیژی بەرهەمهێنی توندوتیژییە، لە پشت هەمو ڕەفتارێکی توندوتیژییەوە هزرێکی توندوتیژ ئامادەیە، واتە گرفتەکە لە سەرچاوەکەیەوە سەرهەڵدەدات، کە بیری مرۆڤە. کەواتە بە بۆچونی ئەمانەی سەرەوە توندوتیژی شتێکی خۆرسکە و لەگەڵ لەدایکبونی مرۆڤدایە، نەوەکو لەژێر کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەوروبەرەوە وەریبگرێت.

**بۆچونی دوەم:** لایەنگرانی ئەم بۆچونە نکۆڵی لەوە دەکەن، کە توندوتیژی شتێکی سروشتی بێت لە دەرون و سروشتی مرۆڤدا. **(ڕۆسۆ)** لە دژی بۆچونی یەکەمە و پێیوایە سروشتە دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی دژایەتییە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

سیاسییەکان، هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکات، کە مرۆڤ لە ناخی خۆیدا توندوتیژ نییە...، مرۆڤ لە بەرانبەر شەڕانیەتی ئەوانی تردا بەرگری لە خۆی دەکات، بەڵام هەوڵی چەوسانەوەی ئەوانی دیکەش نادات. (جەهانبەگلو: ٢٠٠٢: ١٣)، واتە توندوتیژی دیاردەیەکی هەمیشەیی نییە لەگەڵ بونی مرۆڤدا پەیدابوبێت بۆ هەتا هەتایە بەردەوامبێت، بەڵکو دەکرێت لەگەڵ گەشەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنی وڵات و وشیاربونەوەی تاک و کۆمەڵگا مرۆڤ پەنا بۆ توندوتیژی نەبات و دەستبەرداری بێت. کەواتە سەبارەت بەوەی، کە ئایا توندوتیژی سروشتییە یاخود لە ژینگەوە وەریدەگرین، ڕاوبۆچونی جیاواز هەیە، هەربۆچونە و بەڵگە بۆ ڕاستیی دیاردەکە دەهێنێتەوە.

## ٢-٨) جۆرەکانی توندوتیژی

توندوتیژی بە چەند جۆرێک ئەنجامدەدرێت. ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین ئاماژە بە چەند جۆرێکی توندوتیژی بکەین و بە شێوەیەکی زانستیانە بیانخەینەڕو، کە ئەمانەن:

### ٢-٨-١) توندوتیژیی جەستەیی

توندوتیژی جەستەیی ئەو توندوتیژییەیە، کە لەلایەن کەسێک، یان لایەنێکەوە بەرانبەر بە جەستەی فیزیکیی کەسێک یان لایەنێکی دیکە ئەنجامیدەدات. **(أمل سالم العواودە)** پێیوایە ئەم جۆرە توندوتیژییە لە گشت جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی ئاشکراتر و بەرجەستەترە لە ڕێگای پێ و دەست، یان هەر ئامێرێکی ترەوە ئەنجامدەدرێت و شوێنەواری دیار بەسەر جەستەی (تەعدا) لێکراوەوە بەجێدێڵێت. (پێندرۆیی: ٢٠١٢: ٢٩). واتە ئەم جۆرە توندوتیژییە ماددی و بەرجەستەیە، شوێنەوارەکانی بە چاو دەبینرێت، وەک ئامرازێک بەکاردەهێنرێت بۆ ملکەچکردن و خۆبەدەستەوەدانی کەسی بەرانبەر، وەک: ***شکاندنی دەست، سەر...هتد.***

### ٢-٨-٢) توندوتیژیی دەرونی

هەر لە زووەوە مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی، جگە لە توندوتیژیی جەستەیی، توندوتیژیی دەرونیشی بەکارهێناوە، زۆر گرنگە بزانین، کە توندوتیژیی دەرونی سوکتر و کەمتر نییە لە توندوتیژیی جەستەیی، کە دەبێتە هۆی بریندارکردن و خوێنڕشتن.

توندوتیژیی دەرونی کاریگەرترین جۆری توندوتیژییە، کە پیادەدەکرێت و کاریگەریی لەسەر بنیادی کەسایەتیی ئەو مرۆڤە بەدرێژایی قۆناغەکانی تەمەنی دەبێت، کە زۆرجار بە توندوتیژیی ئەقڵی ناودەبرێت. (عەبدوڵڵا: ٢٠٠٧: ٣٣)، ئەم جۆرەی توندوتیژی بە ڕواڵەت هیچ نیشانەیەکی دەرەکی نییە، بەڵکو ناوەکی و دەرونییە، واتە ڕاستەوخۆ ئازاردانی جەستەی مرۆڤ نییە، بەڵکو جۆرە فشارێکە، کە بە چاو نابینرێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی دەرونی کەسی بەرانبەر دەکرێت.

### ٢-٨-٣) توندوتیژیی خێزانی

یەکێکە لەو دیاردە ترسناکانەی، کە لە هەمو کۆمەڵگا و کەلتورە جیاوازەکاندا بونی هەیە، کە بە باوترین شێوەی توندوتیژی دادەنرێت، کە لەلایەن ئەندامێک، یان چەند ئەندامێکی خێزان بەرانبەر بە یەکێک لە ئەندامەکانی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

خێزان، یان هەمو ئەندامەکانی خێزان ئەنجامدەدرێت. جا چ لە ڕوی جەستەییەوە بێت، یان لەڕوی دەرونییەوە بێت، وەک توندوتیژیی پیاوان بەرانبەر بە هاوسەرەکانیان.

### ٢-٨-٤) توندوتیژیی پەروەردەیی

ئەو جۆرە توندوتیژیەیە، کە لە نێو پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا ڕودەدات. درێژکراوەی هەمان ئەو توندوتیژییانەن، کە لەلایەن خێزانەکانەوە ڕودەدەن، هەرچەندە سیستەمی نوێی خوێندن لە جیهاندا بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی هەمو جۆرە توندوتیژییەک ڕەتدەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک لە قوتابخانەکانی کوردستاندا کەم تا زۆر توندوتیژی تێدا پەیڕەودەکرێت. هۆکاری ئەم توندوتیژییەش بۆ شێواز و فەلسەفەی خوێندن دەگەڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەی، کە پەروەردە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەندەی خۆی لە فێرکردندا دەبینێتەوە ئەوەندە خۆی لە پەروەدەکردندا نابینێتەوە. (عەبدوڵڵا: ٢٠٠٧: ٣٧).

### ٢-٨-٥) توندوتیژیی ماددی

بریتییە لە بێبەش کردنی کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک لە مافە ماددییەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بە مەبەستی ئازار پێگەیاندنیان، یان تۆڵە لێسەندنەوەیان، یان فشار خستنە سەریان، بۆئەوەی خۆیان بەدەستەوە بدەن، یان واز لە داواکارییەکانیان بهێنن. (پێندرۆیی: ٢٠١٢: ٣٢)، بۆ نمونە لە کۆمەڵگای کوردیدا تاڕادەیەک ئافرەت بێبەشدەکرێت لە مافی میرات وەرگرتن.

### ٢-٨-٦) توندوتیژیی کۆمەڵایەتی

ئەم جۆرەشیان بەڕادەیەکی زۆر بڵاوە لە جیهاندا، چونکە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی توندوتیژیی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانن، کە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە، لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ بونی هەیە، کە زۆرجار بە بیانوی لادان لە نەریتی باب و باپیران و لەکەدارکردنی شەرەف و ناموس تاک ڕوبەڕوی توندوتیژی دەبێتەوە.

### ٢-٨-٧) توندوتیژیی ئاینی

بەو توندوتیژییە جۆراوجۆرانە دەوترێت، کە لەسەر بنەمای ئاین بەڕێوەدەچن. ئەو توندوتیژییە، کە پەیڕەوکەرانی ئاینەکان پەنای بۆ دەبەن، بۆئەوەی بیروباوەڕی ئاینیی خۆیان بەسەر خەڵکی تردا بسەپێنن. هەر ئاینێک ڕەنگدانەوەی (واقعی) تایبەتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە، لەسەردەمێکی مێژویی دیاریکراودا. دەقە ئاینیەکانیش، ئەو دەقانەن، کە لەلای پەیڕەوانیان بە دەقە پیرۆزەکان ناسراون، ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو هەلومەرجە مێژویی، ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییانەن، کە دەقەکانیان تێدا نوسراوەتەوە. (وەهاب: ٢٠١٣: ٢١)، واتە دەقە ئاینییەکان دەبن بە ڕەنگدانەوەی ئەو واقعە کۆمەڵایەتییەی، کە تاکەکانی پەیڕەویدەکەن.

### ٢-٨-٨) توندوتیژیی سیاسی

بە واتای خراپ کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی و سەپاندنی دەسەڵاتی تاکەکەسی و بەکارهێنانی کۆمەڵێک شێوەی توندوتیژی، وەک نەبونی ئازادیی ڕادەربڕین، کپکردنی ناڕەزاییەتیە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێگانەدان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

بە هەڵبژاردنی بیروباوەڕ و شێواز و کەلتوری جیاواز، کوشتن و چەوساندنەوە. واتە توندوتیژیی سیاسی، ئەوەندەی ڕەهەندێکی سیاسییانەی هەیە، ئەوەندە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیانەی نییە، بەڵام کاتێک بۆ ناو کایە کۆمەڵایەتییەکان دەگوازرێتەوە، مانای وایە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تەواو بە سیاسەت بارگاویبون. (عەبدوڵڵا: ٢٠٠٧: ٣٥)، لە ڕاستیدا توندوتیژیی سیاسی، بەکارهێنانی توندوتیژییەکی زۆرە لە نیزامی سیاسیدا، بە مەبەستی ملکەچکردنی تاکەکانی کۆمەڵ و کپکردنی هەمو جۆرە ناڕەزاییەک، کە زیان بە بەرژەوەندی و دەسەڵاتی سیاسییەکان بگەیەنێت.

## ٢-٨-٩) توندوتیژیی یاسایی

گومان لەوەدا نییە، کە یاسا ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵدا دەبینێت، تاک دەتوانێت لە ڕێگای یاساوە بە مافەکانی بگات، بەڵام کاتێک یاسا تێکەڵ بە ئاین، یان کەلتور دەکرێت، ئەوا کۆمەڵگا زەرەرمەند دەبێت و ڕوبەڕوی مەترسی دەبێتەوە، چونکە زۆرجار بەهۆی تێکەڵکردنی یاسا بە ئاین و کەلتور، کەسانێک لە ماف و ژیانیان بێبەشدەکرێن، بۆ نمونە کوشتنی ئافرەت بەناوی شەرەف، کە لە ڕاستیدا ئەوە یاسا نییە بڕیار لەسەر ئەو شتە دەدات، بەڵکو دابونەریت و کەلتوری ئەو کۆمەڵگایە ئەوە دەخوازێت.

## ٢-٩) هۆکارەکانی توندوتیژیی

ئەگەر بمانەوێت ڕوبەڕوی توندوتیژی ببینەوە، ئەوا دەبێت سەرەتا ئەو هۆکارانە دەستنیشانبکەین، کە دەبنە هۆکار بۆ دروستبون و بەکارهێنانی توندوتیژی، دواتر کۆنترۆڵکردنی هۆکارەکان، بە مەبەستی ڕیشەکێشکردنی دیاردەی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگاکەماندا. لە دیارترین هۆکارەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی ئەمانەن: (عەبدولرحمن: ٢٠١٣: ٢٩–٣٠).

**یەکەم:** بونی نەخۆشی، جا ئەو نەخۆشییە جەستەیی بێت، یان دەرونی.

**دوەم:** بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.

**سێیەم:** لاوازیی توانای کۆمەڵایەتی، ئەو کەسەی توندوتیژیی بەکاردەهێنێت، دەتوانین بڵێین لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە لاوازە.

**چوارەم:** خۆ کۆنترۆڵنەکردن لەکاتی توڕەییدا.

**پێنجەم:** لایەنی ڕۆشنبیری، جگە لەمانەی سەرەوە، لایەنی ڕۆشنبیریش یەکێکە لەو دیاردانەی، کە ڕەنگدانەوە و کاریگەری لە زماندا هەیە، بە شێوازێک کە لە ئاخاوتندا ڕادەی ڕۆشنبیریی کەسەکە دەردەکەوێت، واتە کەسانی ڕۆشنبیر زۆر بە وریاییەوە وشە و دەستەواژەکان دەردەبڕن، هەوڵدەدەن خۆیان لە وشە و دەستەواژەی توندوتیژ و بریندارکەر بەدوربگرن، لەکاتی کێشە و گرفتەکانیشیاندا هەوڵدەدەن بە گفتوگۆ کێشەکانیان چارەسەربکەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

## ٢-١٠) ڕەگەز و پەیوەندی بە هەڕەشە و توندوتیژییەوە

هەڕەشە و توندوتیژی، وەک دیاردەیەک لە نێوان هەردو ڕەگەزی نێر و مێدا بەکاردێت، بەڵام جیاوازی لەوەدایە، کە هەڕەشە و توندوتیژی، زیاتر لەنێو ڕەگەزی نێردا دەبینرێت بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، ئەمەش زیاتر بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕەگەزی نێر بەشێوەیەکی سروشتی هەڵچونەکانی زیاترە لە ڕەگەزی مێ، جگە لەمەش خودی جیاوازیی ڕەگەزیی لە خێزانەوە دەستپێدەکات تا دەگات بە دەزگا پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانیش، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردی تاڕادەیەک کۆمەڵگایەکی باوکسالارییە، هەمو هێزە ماددی و مەعنەوییەکان لەناو دەسەڵاتی نێرینەدا قۆرخدەکات، بۆیە هەر کاتێک کە گوێمان لە وشەی هەڕەشە، یان توندوتیژی دەبێت، یەکسەر هەڕەشە و توندوتیژی بەرانبەر ئافرەتانمان بیردەکەوێتەوە، چونکە ئەوەندەمان بینیوە و بیستوە، کە ژن چۆن ئەشکەنجە دراوە و بوەتە قوربانی و لە مافەکانی بێبەشکراوە و ناچارکراوە بە ئەنجامدانی کارێک، کە هیچ ئارەزوییەکی لێی نەبوە. بەشێوەیەکی گشتی لە تەواوی جیهان و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی، زیاتر ژنان ڕوبەڕوی هەڕەشە و توندوتیژی دەبنەوە بە بەراورد بە پیاوان.

## ٢-١١) تەمەن و پەیوەندی بە هەڕەشە و توندوتیژییەوە

لە زۆربەی توێژینەوەکاندا دیارە، کە ڕێژەی هەڕەشە و توندوتیژی بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بە سەرنجدان لە زۆربەی ئەو بابەت و توێژینەوانەی، کە دەربارەی هەڕەشە و توندوتیژی خراونەتەڕو، ئەوا دەبینین بەرزترین ڕادەی هەڕەشە و توندوتیژی لە تەمەنی هەرزەکاریدا دەگاتە لوتکە، پاشان لەگەڵ بەرەوسەرچونی تەمەن وردە وردە ڕێژەکەی دادەبەزێت، لە دوای تەواوبونی پێگەیشتویی دەگاتە کەمترین ڕادە. ئەم حاڵەتەش لە قۆناغی کامڵبون و پیریدا کەمدەبێتەوە، ناتوانین بڵێین بەتەواوەتی نامێنێت، لەبەرئەوەی هیچ قۆناغێک نییە، کە بڵێین مرۆڤ هەڕەشە و توندوتیژیی ئەنجامنادات، بەڵکو دەبینین لە قۆناغی پیریدا چەندین جۆری توندوتیژی ئەنجامدەدرێت، تەمەنی پیری قۆناغێکە مرۆڤ لەلایەنی دەرونی و فیزیکیی گۆڕانکاری بەسەردادێت، زۆر لە بە تەمەنەکان ناتوانن کۆنترۆڵی دەرونی خۆیان بکەن، یان بەهۆی کەمیی توانا و هێزیان ناتوانن کارەکانیان بەباشی ئەنجامبدەن، بۆیە بە بێکاری دادەنیشن، بێکاریش مرۆڤ زۆر بێزاردەکات و تا وایلێدێت بەرەبەرە دەرونی تێکدەچێت و هەنگاو بەرە و توندوتیژیی، یان هەڕەشەکردن دەنێت. کەواتە تەمەنی پیریش بەدەر نییە لە هەڕەشە و توندوتیژیی لە هەمو قۆناغەکانی تەمەندا بەدیدەکرێت، بەڵام زۆرترینیان لە قۆناغی هەرزەکاریدایە.

## ٢-١٢) بەکارهێنانی هەڕەشە و توندوتیژی بەپێی ئاستەکانی زمان

ئاخاوتنی مرۆڤ لە زنجیرە دەنگێکی یەک لە دوای یەک پێکهاتوە، ئەو زنجیرە دەنگانەش بەپێی کۆمەڵێک یاسا و دەستور، کە تایبەتن بەو زمانە لێکدراون و وشە و ڕستەیان لێ پێکدەهێنرێت. ئەو دەنگانەی، کە مرۆڤ دەریان دەبڕێت لە سەرەتادا هەڵگری هیچ واتایەکی باش، یاخود خراپ نین، کۆمەڵ خۆیان لەناو خۆیاندا ڕێکدەکەون و ئەو دەنگانە لێکدەدەن، بەپێی ئەو یاسا و دەستورانەی، کە تایبەتن بە زمانەکەیان و واتای دیاریکراویان پێدەبەخشن. واتە کۆمەڵ بەپێی خواست و پێویستییەکانی خۆی واتا بۆ وشە و دەربڕینەکان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

دیاریدەکات. بەڵام مەرج نییە ئەو واتایە تا کۆتایی هەروا بمێنێتەوە، بەڵکو زۆرجار ئەو واتایەی، کە بۆ وشە و دەربڕینەکان دیاریدەکرێت، بەپێی دەربڕینەکان گۆڕانی بەسەردادێت.

### ٢-١٢-١) ئاستی دەنگسازی

لە ئاستی دەنگسازیدا وشەکان کەرتدەکرێن، ئەو کەرتانەش پێیاندەوترێت بڕگە. مەبەستمان لەو وشانەیە، کە لە بڕگەیەک زیاتر پێکهاتوە. بڕگە ئەو لەفزەیە، کە لە دەنگێک، یان چەند دەنگێک پێکهاتوە و پێکڕا گۆدەکرێت. (حسن: ١٩٩١: ٢).

ئەوەی لەم بوارەدا، کە زیاتر پەیوەندی بە هەڕەشە و توندوتیژییەوە هەبێت، (هێز و ئاوازە)یە، کە لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین.

هێز و ئاوازە، کە بە کەرەستەی ناکەرتی ناودەبرێن، ڕۆڵی زۆریان لە گۆڕینی سیمای ئاخاوتنەکاندا هەیە، واتە هەرچەندە هێز و ئاوازە بەشداری لە ڕۆنانی ئاخاوتندا ناکات، بەڵام دەتوانێت سیمای جیاواز بە ئاخاوتنەکان ببەخشێت.

لە زمانی کوردیدا دیاردەی هەڕەشە و توندوتیژی چەند فۆرمێکی جیاواز لەخۆدەگرێت، قسەکەری زمانەکە بەهۆی ئەو شارەزاییەی، کە لە زمانەکەدا هەیەتی، دەتوانێت شوێنی هێز دەستنیشانبکات، کە لە خوارەوە چەند نمونەیەک دەخەینەڕو: ئەمانە هەندێک لەو فۆرمانەن، کە لە شێوەی سادەدان و بە مەبەستی هەڕەشە و توندوتیژی بەکاردەهێنرێن و شوێنی هێزەکەیان دیاریدەکەین، وەک:

کەرە کێوی قەزەم سپڵە شێتە درۆزن دەبەنگ حەپۆل بەزیو

جگە لەمانە هەندێک فۆرمی تریش، کە بۆ مەبەستی هەڕەشە و توندوتیژیی بەکاردەهێنرێن، لە پێشگرێک و وشەیەکی واتادار پێکدێن، ئەوا لەو حاڵەتەدا بەزۆری هێزەکە دەچێتە سەر پێشگرەکە، وەک:

بێ نرخ بێ شەرم نامەرد ناتەواو نەگریس نەفام

بەڵام ئەگەر هاتو پێکهاتەی هەڕەشە و توندوتیژیەکە لە شێوەی لێکدراودا بو، ئەوا زۆربەی کات هێزەکە دەچێتە سەر بڕگەی کۆتایی، وەک:

زۆربڵێیە ئەقڵ ئیفلیجە شاخدارە چڵکاو خۆرە چەنە بازە

کەواتە دەتوانرێت بوترێت هێز ڕۆڵێکی زۆر گرنگیی لە دیاریکردنی واتای ئەو دەربڕاوەی، کە دەردەبڕدرێت هەیە، بۆئەوەی گوێگر بە باشی لە واتا و مەبەستەکە تێبگات، ئەوا هێز دەخرێتە سەر ئەو بەشەی، کە مەبەستە.

جگە لە هێز، ئاوازەش دەتوانێت سیمای جیاواز بە ئاخاوتنەکانی مرۆڤ ببەخشێت. ئاوازە گۆڕینی لەرینەوەی ژێکانە، دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاوازەی ڕستە. هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بە ڕستە دەبەخشێت. (ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٨٩)، واتە بە گۆڕانی ئاوازەی ڕستە، دەتوانرێت دۆخی ڕستەکە گۆڕانی بەسەردا بێت. مرۆڤ زۆر بە ئاسانی دەتوانێت


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

گۆڕانکاری لە ئاوازەیدا بکات، ئەو گۆڕانەش دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا و مەبەستی ڕستەکە، وەک ئەم نمونەیەی خوارەوە.

**- تۆ ئەمر دەکەی.**

ئەگەر ئەو ڕستەیەی سەرەوە ئاوازەکە لە نزمەوە بۆ بەرز دەربڕدرێت، ئەوا مەبەستێکی هەڕەشە و توندوتیژی لە پشتە، کە وەک توانجێک بۆ بەرانبەرەکەی بەکاریهێناوە، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت، ئەوا مەبەستی نیشاندانی ڕێزە.

### ٢-١٢-٢) ئاستی مۆرفۆلۆژی

ئەگەر بمانەوێت باس لە هەڕەشە و توندوتیژی بکەین لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ئەوە دەبینین، کە دیاردەی هەڕەشە و توندوتیژی، زیاتر لە ئاخاوتندا دەبینرێت، هەمو زمانێک دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ دەربڕینی ئەو دیاردانە. لە خوارەوە هەندێ لەو گوتە هەڕەشە و توندوتیژانەی لە بواری مۆرفۆلۆژیدا بەکاردەهێنرێن، دەخەینەڕو.

/ **نا-**/ لە زمانی کوردیدا ئەم مۆرفیمە وەک مۆرفیمی نەرێ بەکاردەهێنرێت و دەچێتە سەر هەندێک کەرەستە، وەک (ناو، ئاوەڵناو، کردار) بە پلەی یەکەم دەچێتەسەر ئاوەڵناو، بۆ مەبەست و واتای هەڕەشە و توندوتیژیی بەکاردەهێنرێت، وەک: **ناشیرن، نامەرد، ناکەس، ناشەریف، نابوت، ناعەدالەت، نانەجیب، ناپیاو، ناکرێت، نابێت، ناڕوات...هتد.**

/***بێ-***/ ئەم مۆرفیمە زیاتر بۆ مەبەست و واتایەکی نەرێنی بەکاردەهێنرێت، زۆرجار لە جێگەی (بە) بەکاردەهێنرێت، دەچێتە سەر (ناو و ئاوەڵناو) واتا و مەبەستی وشەکە پێچەوانە دەکاتەوە، کەواتە واتای وشەکە لە واتایەکی ئەرێنییەوە دەگۆڕێت بۆ واتایەکی نەرێنی، وەک:

***بەمێشک*** ⟵ ***بێ مێشک***

***بەئابڕو*** ⟵ ***بێ ئابڕو***

***بەڕەوشت*** ⟵ ***بێ ڕەوشت***

/***پێ-***/ دەچێتە دوای ژمارە و وشەیەکی لێکدراو پێکدەهێنێت، کە بۆ مەبەستی هەڕەشە و توندوتیژی بەکاردەهێنرێت، وەک: **چوار پێ.**

/***ب-***/ لە زمانی کوردیدا ئەو مۆرفیمە تایبەتە بەکرداری فەرماندان، واتە دەچێتە سەر ڕەگ و کرداری فەرماندان پێکدەهێنێت، بەڵام هەندێکجار بۆ مەبەستی هەڕەشە و توندوتیژیی بەکاردەهێنرێت، وەک: **بوەڕە، بزەڕە، بمرە، بدزە، بنێژە، بکوژە...هتد.**

/**چی-**/ پاشگرێکە بە مەبەستی بەکارهێنانی هەڕەشە و توندوتیژیی دەچێتە سەر هەندێک کەرەستە، وەک(ناو، ئاوەڵناو) بۆ نمونە: **ماستاوچی، کڵاوچی، کەڵەکچی، فیتنەچی، کودەتاچی، لگاوچی، گاڵتەچی...هتد.**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

### ٢-١٢-٣) ئاستی سینتاکس

ئاستی سینتاکس لە هەر زمانێکدا بێت، ئەرکی گرنگیی ڕێکخستنی وشەکانە لەناو ڕۆنانێکی گەورەتردا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ڕستەدا. (فەرهادی: ٢٠١٣: ٤)، واتە لە هەر زمانێکدا بەپێی یاسا و بنەمای ئەو زمانە وشەکان ڕێکدەخرێن و گرێیان لێپێکدێت و ڕستەش لە گرێ پێکدەهێنرێت. هەر زمانێک یاسا و دەستوری تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە، یاسای ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا بریتییە لە (**بکەر+ بەرکار+ کردار**)، بەڵام مەرج نییە مرۆڤ هەمو کاتێک پەیڕەوی ئەو یاسا و دەستورانە بکات، کە لە زمانەکەیدا هەیە، بەتایبەتی لەکاتی دیاردەیەکی وەکو هەڕەشە و توندوتیژیدا، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا مرۆڤ لە بارێکی دەرونیی نائاساییدایە زۆرجار ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەوە بکات، کە دەیڵێت، تەنانەت نازانێت چی دەڵێت جا چ بگات بەوەی، کە ئاگای لەوەبێت و بزانێت کەرەستەکان چۆن ڕیزدەکرێن لەو کاتەدا، ئەم کارە بەبێ خواست و ویستی قسەکەرە و لە بێئاگاییەتی یاری بە کەرەستەکانی ناو ڕستەکە دەکات، وەک:

- ***حوکمدەکەیت تۆی حەپۆل؟***

ئەگەر سەیری ئەو ڕستەیەی سەرەوە بکەین، ئەوە دەبینین، کە پەیڕەوی یاسا و دەستورە بنەڕەتییەکانی داڕشتنی ڕستەکە نەکراوە و کەرەستەکان لە شوێنی خۆیان نەهاتون، کە ڕستەکە لە بنەڕەتدا بەم جۆرەیە.

- ***تۆی حەپۆل حوکمدەکەیت؟***

### ٢-١٢-٤) ئاستی واتا

- **واتای سیمانتیکی:** هۆکارە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانیش بە هۆکاری دروستبونی کێشە بۆ وشەکانی زمان دادەنرێن. واتا مرۆڤ لە ڕێگای هۆکارە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان هەندێک لە وشەکانی زمان زیاتر لە واتایەکیان دەدەنەپاڵ، ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە زماندا ڕودەدەن، دەبن بە هۆکاری وشە هاوواتا و فرەواتاکان لە زماندا، ئەو گۆڕانەش لایەنی واتایی زمان دەگرێتەوە، زۆرجار قسەکەر بە مەبەستی دەربڕینی هەڕەشە و توندوتیژیی واتایەکی بارکراوی ناپەسەند دەخاتەسەر واتای فەرهەنگی وشەکان، واتە وشە و دەربڕینەکان، جگە لەو واتا هۆشەکییەی کە هەیانە، واتایەکی تریش دەگەیەنن، کە مەبەست لێی واتای بارکراوە بۆئەوەی لە ڕێگای ئەو واتا بارکراوەوە هەستی قسەکەرەکە بریندارپکات، وەک:

- **تۆ لاوازی ناتوانیت ئەو کارە بکەیت.**

ئەگەر سەیری ئەو ڕستەیەی سەرەوە بکەین، وشەی (لاواز) دو واتای هەیە، **یەکەمیان** واتا هۆشەکییەکەیەتی مەبەست لێی ئەوەیە، کە تۆ کەسێکی بێهێز و بێتوانایت لە ڕوی جەستەییەوە، بەڵام واتای **دوەم** کە واتای بارکراوە، مەبەست لێی ئەوەیە (تۆ نەزانیت).

- **واتای پراگماتیکی:** پێناسەی زۆر دەربارەی ئەم زانستە کراون، زۆربەیان جەخت لەسەر بەکارهێنان و دەوروبەر دەکەنەوە، چونکە هەندێک دەربڕین هەیە، کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە، ئەو دەربڕینانە بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە تێیدا بەکارهاتون واتا و مەبەستەکانیان ڕوندەبێتەوە، لە پراگماتیکیشدا مەبەست گرنگە و گرنگی پێدەدرێت، بۆ نمونە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

***- تۆ ڕاست دەکەیت.***

ئەگەر سەیری ئەو ڕستەیەی سەرەوە بکەین، ئەوا تەنیا لە ڕێگای دەوروبەرەوە دەتوانین دیاریبکەین، کە ئەو ڕستەیە بۆ بەمەبەستی هەڕەشە و توندوتیژی بەکارهاتوە، یاخود بۆ مەبەستی تر بەکارهاتوە.

## ئەنجام:

ئەم توێژینەوەیە، لە ئەنجامی شیکردنەوە و وردبونەوە لە بابەتە هەنوکەییەکانی ئێستای شێوازی هەڕەشە و توندوتیژییە لەزمانی کوردیدا، گەیشتوینەتە ئەم ئەنجامانە:

١- بەگشتی دیاردەی هەڕەشەکردن شتێکی بۆماوەیی نییە، بەڵکو دیاردەیەکە لەناو کۆمەڵدا فێریدەبیت و پێی ئاشنادەبیت. هەڕەشە وەک ئاگادارکردنەوەیەک، یان کاردانەوەیەک ئەنجامدەدرێت.

٢- دیاردەی هەڕەشە و توندوتیژیی تەنیا تایبەت نییە بەتاکە ڕەگەزێک، بەڵکو لە نێو هەر دو ڕەگەزی نێر و مێدا دەبینرێت، بەڵام لە نێو ڕەگەزی نێردا زیاتر بەکاردەهێنرێت بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە کەلتور و تێڕوانینی کۆمەڵگاوە پەیوەست بە جیاوازیی ڕەگەزییەوە

٣- لە زمانی کوردیدا، هەریەکە لە تەمەن، ڕەگەز، هێز و ئاوازە، پیشە، دەسەڵات، کەلتور، ئاین، زمانی جەستە، تابۆ، کاریگەرییان لەسەر هێنانەکایەی دیاردەی هەڕەشە و توندوتیژی هەیە. بەرزترین ڕادەی هەڕەشە و توندوتیژی لە قۆناغی هەرزەکاریدا دەگاتە لوتکە، چونکە هەڵچونەکان لە قۆناغی هەرزەکاریدا زۆر خێرا و توندوتیژ و بێسنورن، ئەمەش بۆ گۆڕانکارییە جەستەییە خێرا و کتوپڕەکانی ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە.

٤- هەر دو دیاردەی هەڕەشە و توندوتیژی، جگە لە کەسی ئامادە، دەتوانرێت ئاڕاستەی کەسی نائامادەش بکرێت، واتە دەتوانرێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بەکاربهێنرێت. شێوازی دەربڕینی هەڕەشە و توندوتیژی بە چەندین جۆر دەتوانرێت دەرببڕدرێت، بەشێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

٥- دیاردەی هەڕەشە و توندوتیژی لە هەمو ئاستەکاندا بونی هەیە، بە واتای ئەوەی هەمو ئاستەکانی زمان بەبڕی جیاواز کاریگەرییان لەسەر دەربڕینی ئەم دیاردەیەدا هەیە، بۆیە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەیاندا ناکرێت تەنیا پشت بەیەک ئاستی دیاریکراو ببەسترێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19

# Methods of Threat and Violence in The Kurdish Language

**Nawzad Anwar Omar[1] - Bahar Khdir Ibrahim[2]**

[1]Kurdish Department, Facalty Education, University of Koya, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Kurdish Department, College of Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This study which is entitled (Methods of Threat and Violence in the Kurdish Language). The method of threat and violence is one of the attitudes that one uses several times a day, or is used against them. This study is a step towards getting familiar with threats and violence, so that individuals in the community get acquainted with the subject and deal with it in a fair and accurate manner. Because any mistakes could have dreadful consequences also it has a direct effect on individuals.

The first part explains the relationship between language and society, the concepts and definitions of social language, languages relationship to race, age, religion and culture, and personality. The second part discusses the concepts, definitions, types of the methods and languages, types of threats and causes of them; the concepts, definitions, types and causes of the use of violence and the sources of violence. The relation between gender and age on using threats, as well as using threats and violence depending on the levels of language.

**Key words:** Threat, Violence, Sociolinguistic, Element, Culture.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19**

## سەرچاوەكان:

ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٤)، ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئاراس- هەولێر.

ئەحمەد، ڕۆستەم مەحەمەد و حەمید، هێرش كەریم(٢٠١٩)، ڕێكارەكانی فێركردنی زمانی بیانی (كەلتور) بەنمونە، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژ. Iss us.

پێندرۆیی، مەحەمەد ساڵح(٢٠١٢)، ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە ڕیشەكێشكردنی توندوتیژیدا، چاپی یەكەم.

تۆفیق، قەیس كاكل(١٩٩٥)، جۆرەكانی ڕستە و تیۆری كردەقسەییەكان، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر.

تۆفیق، قەیس كاكل و مستەفا، پەروین عوسمان(٢٠١٨)، كردەقسەییە ئاراستەكراوەكان لە گفتوگۆی پەرلەمانی كوردستاندا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی یەک، ژ. ٢.

جەهانبەگلو، رامین(٢٠٠٢)، هزری نا توندوتیژی، و.مراد حەكیم، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولیر.

حەمەڕەشید، ئارام عەبدواحید(٢٠١٢)، ڕێزگرتن لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، سكۆڵی زمان، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی.

حەسەن، ڕەحمان ئیسماعیل(١٩٩١)، برگە و ئاسانبونی برگە لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی ئاداب- هەولێر.

حوسێن، ڕێژنە مەعروف(٢٠١٠)، ڕۆڵی شێوەزارە كۆمەلایەتییەكان لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر.

حاجی، عبدالرحمن(٢٠١٧)، شێوازی داواكردن لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، فاكەڵتی ئاداب، زانكۆی سۆران.

خرما، نایف(١٩٧٨)، چەند تیشكێك بۆسەر لێكۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەكان، و.شهاب شێخ تەیب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی- كەركوک.

سلێمان، لوقمان فەریق(٢٠٢٠)، كردەیا گەفكردنێ دزمانێ هۆزانیدا دیوانا باغێ كوردا وەک نمونە، نامەی ماستەر كۆلێژا پەروەردا بنیاد، زانكۆیا دهۆک.

سدیق، شێرزاد سعید(٢٠١٩)، ڕەگەز و قسەپێبڕین لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەلاڵەدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی دو، ژ. ٣.

ساڵح، سەلیم ڕەشید(٢٠١٢)، شێواز لە كورتە چیرۆكی نوێی كوردیدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر.

شەمس، هێمن عەبدولحەمید(٢٠١٣)، هەژمونی زمان لەسەر كەسێتی كورد، نامەی دكتۆرا، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە.

عەلی، بەكر عومەر و حەمەئەمین، شێركۆ(٢٠٠٧)، زارو شێوە زار، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی.

عەلی، بێستون ئەبوبەكر(٢٠١٧)، زمان لە سایەیی دونیابینی ئایندا، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژ ١.

عەبدولواحید، مەڵبەند(٢٠١٧/١٢/١٩)، توندوتیژی چییە؟

mailto:https://www.facebook.com/tt.garmiyan/posts/1802410463125165

عەبدوڵلا، كنێر(٢٠٠٧)، توندوتیژی وەزیفی دژی ژنان لە فەرمانگە حكومیەكاندا، چاپی یەكەم، چاپخانەی سەردەم- سلێمانی.

عەبدولرەحمان، عەبدوڵلا(٢٠١٣)، توندوتیژی خێزان، چاپی دوەم، چاپخانەی ماردین- هەولێر.

عومەر، تەلار صباح و واحد، ساكار كمال(٢٠١٧)، كاریگەری ئاین لەسەر زمانی تاكی كورد لێبوردەیی و توندوتیژی بە نمونە، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژ. ٤٤.

عزیز، عزالدین احمد(٢٠١٤)، بنەماكانی دەرونزانی گشتی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر.

فەرەج، شاخەوان جەلال(٢٠١٣)، تابۆ وەک نمونەیەكی پەیوەندی نێوان زمان و كلتور، چاپخانەی بینایی.

فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا(٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19**

كاكی، حەمەنوری عومەر(٢٠٠٨)، شێوازی لەشیعری كلاسیكی كوردیدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی تیشک- سلێمانی.
مەحمود، چیمەن نیزامەدین(٢٠١١)، كاریگەرییا تەمەنی ل سەر زمانێ پێوەندی كرنێ(باژێرێ دهۆكێ وەک نمونە)، نامەی ماستەر، فەكولتیا زانستێن مرۆڤایەتی، زانكۆیا دهۆكێ.
معین، سازان رضا(٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر.
محمد، ليا حسن( ٢٠١٩)، پەیوەندی نێوان زمان و خەسڵەتەكانی كەسایەتی،گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین،ژ. ٦.
محمد، بەهار زایر(٢٠٠٩)، زمان و یاسا كۆمەڵایەتییەكان، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین.
ناوخۆش، سەلام و خۆشناو، نەریمان(٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگی (یەكەم، دوەم، سێیەم)، چاپی یەكەم، چاپخانەی منارە- هەولێر.
وەهاب، تەها(٢٠١٣)، توندوتیژی و لێبوردەیی لە قورئاندا، چاپخانەی كوردستان.
بشر، كمال (بدون تاريخ)، علم اللغة الاجتماعي مدخل، دار الغرب- القاهرة.
جميل، اسماء(٢٠٠٧)، العنف الاجتماعي، دراسة مظاهرة في الامجتمع العراقي مدينة بغداد انموذجا، دارلشؤن الاثقافية العامة- بغداد.
سعران، محمود(١٩٦٣)، اللغة والمجتمع رأى ومنهج، ط٢- اسكندرية.
عزيز، عبدالناصر(١٩٩٦)، الارهاب السياسي، الطبعة الاولي، مكتبة مدبولي- قاهرة.
مطر، عبدالعزيز(١٩٨٥)، علم اللغة فقه اللغه تحديد و توضيح- قطر.
Beller, Sieghard & Bender, Andrea & Kuhnmu, Gregory(2005). Understanding conditional promises and threats. THINKING & REASONING, 11 (3), 209–238.
Coulman, Florian and Mey, L., Jakob (1994). Interlanguage Pragmatics: Requests, Complaints, and Apologies. Moutn de Gruyter. New York.
Nikita, Probst & Shkapenko, Tatiana & Tkachenko, Arina & Chernyakov, Alexy (2018). Speech act of threat in everyday conflict discourse: Production and perception.
Pan,Yuling (2007). The Role of Sociolinguistics in Federal Survey Development. Washington.
Peetz, Vera (1977). Promises and Threats. Mind, LXXXVI(344), 578–581. doi:10.1093/mind/lxxxvi.344.578
Walton, N., Douglas (2000). Scare Tactics. Arguments that Appeal to Fear and Threats. Springer-Science and Business Media, B.V.
Wardhaugh, Ronald (2006) An Introduction to Sociolinguistics (fifth edition). Blackwell Publishing. Malden.
Warren,J.,Liza&Ogloff,R.P.James&Mullen,Paul (2013).The Psychological Basis of Threatening Behaviour .Psychiatry, Psychology and Law.Vol.20,No.3,p.


**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper19**